# ڕووسیا و کورد: دوو سەدە لە پشتگوێستن – بەشی یەکەم

دکتۆر جەبار قادر

لێکدانەوەی سیاسەتی دوو سەد ساڵەی ڕووسیا بەرامبەر بە کورد لە هەر سێ سەردەمی تساری (چاری، قەیسەری)، سۆڤیەتی و پۆست- سۆڤیەتیدا، یارمەتی مرۆڤ دەدات باشتر لە هەڵوێستی ئەمڕۆی ئەم زلهێزە تێبگات. ئەم سێ سەردەمە دوو سەدەی تەواو داگیر دەکەن. هەرچەندە ڕووسیا لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەبووەوە، بەڵام تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەم ئەو سیاسەتە بەرهەمێکی بەرچاوی نەبوو نە لە کوردستان و بەڵکو لە کەفکازیش ( قەوقاز، قەفقاس). لێکدانەوەی وردەکاری و ڕووداوەکانی ئەو دوو سەدەیە پێویستی بە توێژینەوەی مێژوویی هەمەلایەنەیە، کە ئێرە جێگەی نیە. بۆیە لێرەدا بە کەڵک وەرگرتن لە پاشخانی مێژوویی دەتوانین تەنها هێڵە گشتییەکان بخەینە ڕوو. بۆ دیاریکردنی سیاسەتی ڕووسیا لە بارەی کوردەوە، وروژاندنی هەندێ پرسیار کارێکی بەجێیە. ڕووسیا کەی و چۆن ئاشنایی لە گەڵ کوردا پەیدا کرد؟، ئامانجی سەرەکی ڕووسیا لەو پەیوەندییەی لە گەڵ کوردا چی بوو؟، ئایە ئامانجەکە لە هەموو سەردەمەکاندا هەمان شت بوو؟، پاکانەی ڕووسیا چیە بە گوێنەدان بە کورد و داخوازییەکانی لە سەردەمە جیاوازەکاندا؟، بۆچی ڕووسیا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان نەکردووە و ناکات؟، ئەی بۆ قەوارەیەکی بۆ کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت پێکنەهێنا وەک بۆ زۆربەی گەلانی تری ئەو وڵاتەی کرد؟، لە کۆتاییدا لە بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوڕۆی ڕۆژهەڵاتدا دەبێ چاوەڕوانی چی بکەین لە سیاسەتەکانی ڕووسیا؟. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ناتەواو دەبێت بە بێ لێکدانەوەی سیاسەتی ڕووسیا لەو سێ سەردەمە جیاوازەدا، واتا: سەردەمی تساری ( ١٨٠٠ – ١٩١٧)، سەردەمی سۆڤیەتی ( ١٩١٧ – ١٩٩١) و سەردەمی پۆست سۆڤیەتی یا سەردەمی ڕووسیای فیدیرالی (١٩٩١ – ٢٠١٥).

## سەردەمی تساری ( ١٨٠٠ – ١٩١٧)

هەرچەندە دەمێک بوو کەڵکەڵەی داگیرکردنی ناوچە شاخاوییەکانی کەفکاز، نیمچە دورگەی کریم (قرم) و کەنارەکانی هەردوو دەریای ڕەش و قەزوین لە خەیاڵی تسارەکانی ڕووسیای دابوو و هەوڵەکان بۆ ئاگاداری و زانیاری پەیداکردن لە بارەی ئەو ناوچانە و دانیشتوانێوە خرابوونە گەڕ، لێ تا دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەمیش لە ڕووسیا شتێکی ئەوتۆیان لە بارەی کوردەوە نەدەزانی. گەر زانا و خوێنەوارانی ئەو وڵاتە شتێکیان لە بارەی کوردەوە ژنەوتبێ، ئەوا سەرچاوەی زانیارییەکانیان بەرهەمی گەڕیدە، بازرگانان، پیاوانی هەواڵگری و پەیامبەرانی کڵیسا ڕۆژئاواییەکان بوون. چاوخشاندنێکی سەرپێی بە هەردوو بەرگی (بیبلیۆگرافیای کوردناسی) خاتو ژاکەلینا موسائیلیان، کە ٨٧٦٤ ناونیشانیان گرتۆتە خۆ و لە ٨٠٠ لاپەڕەدا لە ساڵی ١٩٩٦ لە سانکت - پیتەربورگ ( سان- پیتەرسبورگ، سان پیتەربورگ، پیترەگراد، لێنینگراد) لە چاپ دراون، ئەوەمان بە ڕوونی بۆ دەرئەخات کە بەر لە سەدەی نۆزدەهەم هیچ زانیارییەکی گرنگ لە بارەی کوردەوە بە زمانی ڕووسی نەبووە. ئەوەی مایەی تێڕامانە، لە ماوەی یەک سەدەدا ڕووسیا توانی بوو بە لانکەی کوردناسی و تا دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمیش وەک تەنیا ناوەندی کوردۆلۆژیا لە دونیا مایەوە. ڕووسەکان چۆن لەو بێ ئاگاییەوە گەیشتنە ئەو ئاستە لە بواری کوردناسیدا. بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی زانا و دەزگا زانستییەکانی دەوڵەت بەو بەشەی کورد کە لە دوای داگیرکردنی کەفکاز کەوتنە چوارچێوەی ڕووسیای تسارییەوە. بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و پاشەکشەی ڕووسیاوە و پەرەسەندنی ڕووداوەکانی کوردستان لە لایەکی ترەوە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ناوەند و گروپی توێژینەوەی نوێ لە بارەی کوردەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیدا بوون و ڕووسیا پێگەی پێشەنگی خۆی بە تەواوەتی لە دەستدا.

پەیدابوونی کورد لەو خاکانەی دواتر بوون بە بەشێک لە ئیمپراتۆریی ڕووسیا مێژوویەکی کۆنتری لە سەدەی نۆزدەهەم هەیە. بە پێی هەندێ سەرچاوەی مێژوویی کورد لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە هەندێ

ناوچەی کەفکاز پەیدا بوونە. هەندێ لەو میرنشینانە، بە تایبەتی میرنشینی شەدادی لە سەدەکانی ١٠ – ١٢ دەستی بە سەر ناوچەیەکی فراوانی کەفکازدا دەڕۆیشت. ئەمە زیاتر وڵاتی ئازربایجانی دەگرتەوە. بەشێک لە کوردان لە دوای لە بەین چوونی میرنشینەکە لەوێ مانەوە و دواتر نیشتەجێ بوون. هەندێ هۆزی کۆچەری دیکەی کوردیش لە سەدەکانی دواتردا ڕوویان لەم ناوچانە کرد و دەڤەرێکی فراوانیان لە نێوان ئەرمەنستان و ئازربایجان لە سەر خاکی ئەمەی دواییان پێکهێنا، کە لە سەردەمی سۆڤیەتیدا بە کوردستانی ئازربایجان یا کوردستانی سور دەناسرا. لە شەڕەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیش لە کۆتایی سەدەی شازدەهەم، کورد لە تەک سوپای عوسمانیدا و لە دژی ئێران شەڕیان دەکرد. بەشێکی فراوانی کەفکاز، کە ئەو کاتە لە ژێر دەستی ئێراندا بوون، لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا کەوتنە ژێر دەستی دەولەتی عوسمانی، بە تایبەتی لەو شەڕەی لە ساڵی ١٥٨٩ کۆتایی هات. بەشێک لە شەرکەرانی کورد و هۆزەکانیان لەو ناوچانەش مانەوە و لە دواییدا هەر لەوێ نیشتەجێ بوون. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمەوە کوردە کۆچەرەکان هەوارگە و گۆڕەپانی بەهار و هەواریان فراوانتر کرد و تا نزیک یەریڤان لە ئەرمینیا و باکۆ لە ئازربایجان دەکشان. لەو کاتەدا هێشتا هاوڵاتی (ڕاستتر ڕەعییەی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بوون). ئەمانە هەموویان لە سەدەی نۆزدەهەم کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاوە. لە دوای شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێران و بە پێی پەیماننامەی گوڵستان لە ٢٤ ئوکتۆبەری ١٨١٣ ئێران ناچار کرا دەست لە داگستان، گورجستانی ئەوڕۆ ( جۆرجیا)، بەشێکی گەورەی ئازربایجان و ئەرمەنستان (ئەرمینیا) هەڵبگرێت و ببن بە بەشێک لە ئیمپراتۆری ڕووسیا. ئەو ناوچانەشی کە مابوون لە خاکی ئازربایجان و ئەرمەنستان تا ڕووباری ئاراس، ئەوا ئێران ئەوانیشی لە شەڕی ١٨٢٦ – ١٨٢٨ لە دەستی دا و بە پێی پەیماننامەی تورکمان چای ( ١٠ شوباتی ١٨٢٨ ) کە کۆتایی بە شەڕەکە هێنا، خرانە سەر ئیمپراتۆریی ڕووسیا.

ئەو سنوورانەی ئەو ڕۆژانە کێشران تا ئێستاش بە بێ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ وەکو خۆیان ماونەتەوە. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەدا ئەو کوردانەی لە وڵاتانی کەفکاز دەژیان لەوێ مانەوە و ئەو بەشەی کوردیان پێکهێنا کە بوون بە هاوڵاتی ڕووسیای تساری و پاشتریش یەکێتی سۆڤیەت. ئەمە لە بەرەی کەفکاز و پشتی کەفکاز. کوردەکانی تورکمەنستان و ناوەڕاستی ئاسیاش ئەوانە بوون کە شا عەباس لە سەدەی ١٧ ڕایگوێزابوون بۆ ئەوەی سنوورەکانی ئێرانیان پێ بپارێزێت لە هێرشی تورکمەنەکان. سیاسەتی ڕاگوێزانی کوردانی ئێران بۆ خوراسان و سەر سنوورەکانی تورکمەنستان تا دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایی نادر شاش لە چلەکانی سەدەی هەژدەهەم هەر بەردەوام بوو. دوای ئەوە بە چەند سەدەیەک شەپۆلێکی دیکەی کورد بە زۆر دەبرێن بۆ ناوەڕاستی ئاسیا، مەبەست ئەو کوردانەی لە سەر دەستی ستالین لە کۆمارەکانی کەفکازەوە لە ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٤٤ بران بۆ کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاست.

هەر لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەڵمەتەکانی ڕووسیا بۆ داگیرکردنی هەموو کەفکاز و کەنارەکانی دەریای ڕەش و دەرهێنانیان لە دەست دەوڵەتی عوسمانیش دەستییێکرد. لە ماوەی نیو سەدە و لە ئەنجامی سێ شەڕی گەورەدا لە ساڵانی( ١٨٢٨ – ١٨٢٩ و ١٨٥٣-١٨٥٦ و ١٨٧٧-١٨٧٨) کە بە پەیماننامەی بەرلین لە ساڵی ١٨٧٨ کۆتایی پێ هێنرا، هەموو ئەو ناوچانەی کەفکاز کە بە دەستی دەوڵەتی عوسمانییەوە بوون خرانە سەر ڕووسیا. ئەمە نەک تەنهاڕۆژئاوای گورجستان و ئەرمینیای ئێستا بوو، بەڵکو ویلایەتی ئەردەهانی ئەوڕۆی تورکیاشی لە گەڵدا بوو، کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەلشەڤییەکان گەڕانیانەوە بۆ تورکیای کەمالی. لەم دەڤەرانەش ژمارەیەکی زۆر کورد هەبوون.

کوردێکی زۆر لە کاتی شەڕی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ لە تورکیاوە ڕایان کرد و پەنایان بردە بەر وڵاتانی کەفکاز. ئەمانە زۆربەیان کوردی ئێزیدی بوون، لە دوا ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا و ساڵانی دوای شەڕیش تا دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤیەتی لە کۆمارەکانی کەفکاز لە دەسپێکی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کوردێکی زۆر لە تاو برسێتی و جەور و ستەمی تورک پەنایان دەبردە بەر ئەرمەنستان و گورجستان.

بەم شێوەیە کورد لە سەردەمی جیاوازدا لە سەر ئەو خاکانە پەیدا بوونە و دواتر نیشتەجێ بوونە و کاتێ ڕووسیا دەستی بە سەریاندا گرت وەکو هەموو خەڵکەکانی دیکە بوون بە هاوڵاتی ڕووسیای تساری و دواتر یەکێتی سۆڤیەت و دوای هەڵوەشانەوەی ئەمیش بوون بە هاوڵاتی ئەرمینیا، ئازربایجان و گورجستان. بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە بەر

دەستماندان ئەستەمە هەبوونی کورد لە سەر ئە خاکانە بکەین بە بەڵگە بۆ ئەوەی بە بەشێک لە کوردستانیان دابنێین.
بایەخدانی ڕووسیا بە کورد و هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەم گەلەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم ڕەوتەی ڕووداوەکانەوە هەبوو. لە دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕووسیا لە هەوڵی ئەوەدا بوو کوردانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بێلایەن بکات لە شەڕەکانیدا لە دژی ئەو دوو دەوڵەتە. بەلای ڕووسیاوە گرنگ بوو کورد لە دژی سوپاکەی نەوەستنەوە چونکە ئەوان لە سەر سنوورەکان بوون و دەیانتوانی کاربکەنە سەر پارسەنگی هێزەکان. بەڵام کوردانی کەفکاز لە تەک سوپای ڕووسیا بەشدارییان لە شەڕەکاندا دەکرد. بە پێی زانیارییەکانی کوردناسی بەناوبانگی ڕووس ڤلادیمێر مینۆرسکی، ڕووسیا هێزی تایبەتی لە کوردەکانی کەفکاز پێکدەهێنا. بۆ نمونە لە شەڕی ١٨٢٩ لە دژی عوسمانییەکان، بە وتەی مینۆرسکی، چوار تیپ لە موسوڵمانانی ڕووسیا دروست کرابوون، کە یەکێکیان لە کورد پێکێنرابوو و ژمارەی سەربازەکانی ٤٠٠ سوارە بوو. لە کاتێکدا لە شەڕی کریمدا( قرم) دوو تیپی کوردی لە ڕیزی سوپای ڕووسیا لە دژی عوسمانییەکان شەڕیان دەکرد. یەکێکیان بە تیپی ئێرانی و ئەوی دیکەیان بە تیپی یەریڤان دەناسران و جەعفەر ئاغا سەرداری ئەمەی دواییان بوو. ئەم جەعفەر ئاغایە بە پلە سەربازییەکاندا هەڵکشا تا گەیشتە پلەی جەنەراڵ.
لە کاتی شەڕی کریمدا ڕابەری سەرهەڵدانی کوردان لە ساڵی ١٨٥٥ یەزدان شێر هەوڵی زۆری لە گەڵ ڕووسەکان دا بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لە دژی عوسمانییەکان، ڕووسەکان داخوازییەکانی یەزدان شێریان پشت گوێ خست و کاتێ دەستیان بە هێرش کرد ئەو بە پیلانێکی کونسولی بریتانی لە موسڵ نەمرود ڕەسام خۆی دابوو بە دەستەوە. دیپلۆماتەکانی ڕووسیا گەلێ جار ڕەخنەی ئەوەیان لە دەوڵەکەتەی خۆیان دەگرت کە کوردەکان پشت گوێ دەخات و بە پیر داخوازییەکانیانەوە ناچێت و کەڵک لەو هێزەی هەیانە وەرناگرێت. ئەمە بۆ سەرهەڵدانەکەی یەزدان شێر لە سەدەی نۆزدە و هەوڵەکانی عەبدولڕەزاق بەدرخان و هەندێ سەرکردەی دیکەی کوردیش لە سەدەی بیستەمدا دروستە.
هەرچەندە شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە شەڕی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ لە دژی ڕووسەکان و لە تەک سوپای عوسمانیدا شەڕی دەکرد، لە گەڵ ئەوەشدا لە کاتی ئەو شەڕەشدا و هەر بە وتەی مینۆرسکی ١٣٠٠ سەربازی سوارەی کورد لە تەک سوپای ڕووسیا لە دژی عوسمانییەکان شەڕیان دەکرد. ئەمانە هەموو کوردی کەفکاز بوون.
لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ناوچە کوردییەکان بوون بە گۆڕەپانی شەڕ لە نێوان هەردوو سوپای عوسمانی و ڕووسیا. بە هۆی ئەو شەڕانەوە زیانێکی زۆر بەر کورد و نیشتمانەکەی کەوت. پیلان و پرۆژەی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیش بۆ دابەشکردنی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە هەموو لایەکەوە کوردستانی لەت وپەت دەکرد. لە لایەکی ترەوە پشتگیری ڕووسیا لە چەتە ئەرمەنەکان و کردەوە دژە مرۆییەکانی سەربازانی ڕووس لە زۆر شوێنی کوردستان، ڕووسیان لە لای کورد کردبوو بە دێوەزمەیەکی ناعەز و ترسناک. وشەی مسقۆف لە نێو کورداندا بۆ دەمێکی دوور درێژ بەرجەستەی توند و تیژی سەربازانی ڕووسی لە بیری گشتی کوردا دەکرد. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕووسیا دەستی لە گەڵ بریتانیا و فرەنسا تێکەڵ کردبوو و بە پێی ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو. بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە هەموو باکوری کوردستان بۆ ڕووسیا دانرا بوو. شۆڕشی ئوکتۆبەر ١٩١٧، مۆرکردنی ئاشتی برێست – لیتۆڤسک لە نێوان ڕووسیا و ئەڵمانیا لە لایەکەوە، داڕوخانی دەوڵەتی ڕووسیا و شەڕی ناوخۆ و گەلێ هۆکاری تر، دەسەڵاتدارانی بەلشەڤییان ناچار کرد لە شەڕ بکشێنەوە و ئەو ڕێکەوتننامە نهێنییانە ئاشکرا بکەن و ئەوەش ڕابگەیەنن کە ئەوان بەشێک نین لێیان و دەست لەو بەشانە هەڵدەگرن کە بۆیان دانراون. ئەم هەڵوێستەی بەلشەڤییەکان دەنگدانەوەی زۆری لە ڕۆژهەڵات دایەوە و کاربەدەستانی کۆلۆنیالی بریتانی و فرەنسی توانا و کاتێکی زۆریان خەرج کرد بۆ ئەوەی لە زیانەکانی کەمبکەنەوە.
بە گشتی لە سەردەمی تساریدا دەسکەوتەکانی ڕووسیا لە کوردستان لە زانیاری کۆکردنەوە و توێژینەوە لە بارەی کورد و کوردستانەوە و گەشەکردنی کوردناسی بەولاوە شتێکی ئەوتۆ نەبوون. لە ئەنجامی لکاندنی کەفکاز بە ڕووسیاوە ژمارەیەک کورد بوون بە هاولاتی ڕووسیا. ئەم کۆمەڵگە کوردییانە ئەو کەرەستە زیندووە بوون کە زانا ڕووسەکان بەشێکی زۆری توێژینەوەکانیان لە بارەوە کردن، هەوڵیاندا لە ڕێگەی ئەوانەوە کورد بناسن، زانیاری زیاتر لە بارەی

ئەم گەلەوە بەدەست بێنن و باشتر لە بونیادی کۆمەڵایەتی و کولتوری ئەم گەلە تێبگەن. ئەمەش بوو بە بنەمای ئەو قوتابخانە کوردناسییە کە یەکێ لە شانازییەکانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت بوو.

# ڕووسیا و کورد: دوو سەدە لە پشتگوێخستن – بەشی دووەم

دکتۆر جەبار قادر

## سەردەمی سۆڤیەتی:

دەبێ لەم سەردەمەدا لە دوو ڕەهەندەوە سەیری سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر کورد بکەین. یەکەم سیاسەتی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بەرامبەر کوردانی یەکێتی سۆڤیەت و دووەمیش سیاسەتیان بەرامبەر کوردی دەرەوە. لە سەردەمی تساریدا تەنها لە دیدی جیۆپۆلیتیکی و سەربازییەوە کاربەدەستانی ڕووسیا سەیری کوردیان دەکرد. هەمیشە بیریان لەوە دەکردەوە کە دەتوانن لە کاتی پێویستدا وەک هێزێکی شەڕکەر لە دژی دوژمنەکانیان بەکاریان بێنن. دوژمنایەتی ڕووسیا لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا و ململانێی توندی لە گەل بریتانیاندا بۆ دەستگرتن بە سەر ڕۆژهەڵاتدا، دەبوایە ڕووسیای بکردبایە بە دۆست و هاوپەیمانی سروشتی کورد لە سەر بنەمای دۆژمنی دوژمنم دۆستمە. بنەماکانی سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر بە کورد لە سەردەمی سۆڤیەتیشدا هەمان شت بوون بەڵام لە ژێر پەردەی ئایدیۆلۆژیایەکی ناکۆک و لە بارو دۆخێکی مێژوویی و نێودەوڵەتی تەواو جیاوازدا. کورد هەمیشە وەک یەدەکێک لە دژی ئیمپریالیزم لە لایەن مۆسکۆوە سەیر دەکرا و دەبوایە بە پێی پێویست هانبدرێت بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوە، یا ڕێگەی لێ بگیرێت لە دژی داگیرکەرانی سەرهەڵدا و ڕاپەڕێ.

### 1. لە بەرامبەر کوردی یەکێتی سۆڤیەت:

لە گەرمەی شۆڕشی ئوکتۆبەردا کوردانی کەفکاز و بەشێک لە کوردانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش هیوایەکی زۆریان بە دەسەڵاتی نوێی (کرێکاران و جوتیاران) هەبوو، ئەو دەسەڵاتەی بانگەشەی نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوەیی بە هەموو لایەکدا بڵاودەکردەوە. کاربەدەستانی بەلشەڤی لە هەموو گوتار و بۆنەکاندا باسی ڕزگارکردنی خەڵکیان دەکرد لە دەسەڵاتی ڕەشی ڕووسیای تساری کە بە "زیندانی گەورەی گەلان" نێویان دەبرد. نکۆڵیکردن لە کاریگەری شۆڕشی ئوکتۆبەر لە سەر گەلانی چەوساوە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژییە و لە گەڵ ڕاستی ڕووداوەکاندا یەک ناگرێتەوە. قەبەکردنی کاریگەرییەکانیش لەوە زیاتر کە هەبوون بەهەمان شێوەیە کارێکی ئایدیۆلۆژی و پڕوپاگەندییە. هەنگاوەکانی دەسەڵاتی بەلشەڤی لە بوارەکانی ئاشتی، ئاشکراکردنی پەیماننامە ئیمپریالییەکان بۆ دابەشکردنی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژهەڵات، دابەشکردنی زەوی و زار بە سەر جوتیاراندا، ڕزگارکردنی کرێکاران لە چەوسانەوەی سەرمایەداران، دامەزراندنی کۆمار و قەوارەی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلانی گەورە و بچووکی ڕووسیای تساری لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتدا ...تاد هەنگاوگەلێک بوون کە پێشوازی گەرمیان لێدەکرا. وتار و بابەتی زۆر لەم بارەیەوە بە زۆربەی زمانەکانی دونیا، بە زمانی کوردیشەوە بڵاوکراونەتەوە. کاریگەری شۆڕشی ئوکتۆبەر لە سەر کوردیش مافی خۆی دراوەتێ لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا. کوردێکی یەکێتی سۆڤیەت (خالید مورادەڤیچ چەتۆیەف) بەم شێوەیە باس لە ئوکتۆبەر و کورد ئەکات " لە کاتێکدا جەماوەرانی کوردی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ڕوو بە ڕروی چەوسانەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بەشێکی بچووکی گەلی کورد لە سایەی ئوکتۆبەری مەزندا، بوو بە ئەندامێکی یەکسانی خێزانی فرەنەتەوەیی گەلانی یەکێتی سۆڤیەت. کوردانی دەرەوە هەر عەوداڵی ئەوەن نین بزانن دەسکەوتەکانی براکانیان لە یەکێتی سۆڤیەت چین، بەڵکو بە پەرۆشەوە دەشیانەوێ بزانن چۆن ئەو دەسکەوتانە بەدەست هاتوون". چەتۆیەف باس لە هەندێ لەو کوردانە دەکات کە ڕۆڵی بەرچاویان لە سەرکەوتنی دەسەڵاتی بەلشەڤیدا گێڕاوە. لەم بارەیەوە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی کەسانی وەکو لیتکین، کە ناوی چووەتە ئینسایکلۆپیدیای شۆڕشی ئوکتۆبەرەوە. ناوی ڕاستەقینەی لیتکین، فەریق عەگیدەڤیچ پۆلاتبێگەفە، لاوێکی خوێنگەرمی شۆڕشگێر بوو،

**خەباتی سەختی لە پێناوی سەرکەوتنی دەسەڵاتی بەلشەڤیدا لە سیبیریا کرد، زۆر بە گەنجی لەو ڕێگەیەدا سەری نایەوە و لە لایەن ڕووسە سپییەکانەوە کوژرا. چەتۆیەف ناوی ژمارەیەکیش لەو کوردانە تۆمار دەکات کە ڕۆلیان هەبوو لە چەسپاندنی دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا لە سیبیریا و ئازربایجان وەک جەنگیز یلدرم، سەرکردەی هیزی دەریایی ئازربایجان کە ڕۆڵیکی گەورەی گێڕا لە تێکشکاندنی حکومەتی موساواتییەکان لە باکۆ، قەرەباخ و قوبادلی. وەک ئەندازیارێکی زیرەکیش ڕۆڵی کەم نەبوو لە بنیاتنانی هێزی دەریایی و پیشەسازی کۆماری ئازربایجان. بە هەمان شیوە قەرە ئەلیاسەف، عەباس سوڵتانەف، عەلی ئەمیرئەسڵانەف، شامیر تەیفورەف، عەرەبێ شەمۆ ( عەرەب شامیلەف) کە لە دواییدا بوو بە نووسەر و کەسایەتییەکی دیاری کوردانی یەکێتی سۆڤیەت، گەسان موستەفا چیکالیکی (پرۆفیسۆر لە بواری کشتوکاڵ)و گەلێکی دیکە. کوردەکانی ئازربایجان، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی لە دواییدا کوردستانی سوریان لێ پێکهێنرا، هێزی سەربازییان دروست کرد و لە تەک سوپای سور لە دژی نەیارانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی قارەمانانە شەڕیان دەکرد. لە نامەیەکدا کە کوردانی ئەم ناوچانە لە ١٩٢١ بۆ دەسەڵاتدارانی ئازربایجانیان ناردبوو ئەم وتبوویان " ئێمە کوردی ئازاد و بە سروشتی خۆمان نزیک لە دەسەڵاتی سۆڤیەتی، ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار باوەش بۆ دایکی خۆمان دەکەینەوە – دەسەڵاتی کرێکاران و جوتیاران ... ئەمڕۆ کۆت و بەند فڕێدەدەین و دەستمان بۆ گەلی برای ئازەری درێژ دەکەین و ڕوو لە سوپای سور دەکەین و هێزی سوارچاکانی هەمیشە سەرکەوتووی سوری کورد تێکەڵ بە ڕێزەکانی دەکەین کە هەتا هەتایە لە تەکیدا دەمێنێ و لێی جودا نابێتەوە".**

**باوەڕ ناکەم ئەم وتانە بۆ زۆر کەس لەم ڕۆژانەدا مایەی سەرنج و تێڕامان بن، بەڵام نابێت ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین کە لێرەدا باس لە مێژوو و سەد ساڵ پێش ئێستا ئەکرێت، بۆیە دەبێت لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیاندا هەڵبسەنگێنرێن.**

**ڕەنگبێ چەوسانەوەی لەڕادەبەدەری کوردان لە لایەن ئازەرییەکانەوە و دروشمەکانی یەکسانی و برایەتی گەلان و نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی یەکێ لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم پێشوازییە گەرمەی کوردانی ئازربایجان بووبێت لە ئوکتۆبەر و دروشمەکانی. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کوردانی ئازربایجان هەوڵی زۆریاندا قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی تایبەت بە خۆیان پێکبێنن. ئەو قەوارەیە لە کوردستانی سور لە ساڵانی ١٩٢٣ – ١٩٢٩ بەرجەستە بوو. ئازەرییەکانی لە یەکەم ڕۆژەوە لە هەوڵی لە ناوبردنی ئەو قەوارەیەدا بوون و لە کۆتاییدا بە پاساوی ڕیفۆرمی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی توانیان لە ساڵی ١٩٢٩ بگەن بەو ئامانجە و کوردستانی سور لە بەین ببەن (لە وتارێکی تایبەتدا بە دوور و درێژی باسی پرۆسەی دامەزراندن و لەناوبردنی کوردستانی سورم کردووە و لە سەر لاپەڕەکەی خۆم لە فەیسبووک و سایتەکانی خەندان، دەنگەکان و وتاری کورد ...هتد بڵاوکراوەتەوە). ئازەرییەکان سیاسەتی تواندنەوەی کوردیان بە بەردەوامی پەیڕەو دەکرد و ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی کوردان لە ئازربایجان لە کەمیدەدا. لە سەردەمی دامەزراندنی کوردستانی سوردا نزیکەی پەنجا هەزار کورد لە ئازربایجان دەژیان، بەڵام لە کۆتایی حەفتاکان بە پێی سەرژمێری فەرمی دەوڵەت کەس لە ئازربایجان نەمابوو خۆی بە کورد بزانێ. هاوبەشی ئاینی و مەزەبی کورد و ئازەری لە لایەکەوە، ڕێگەنەدان بە خوێندن بە زمانی دایک و سوکایەتی کردن بە کورد لە لایەکی دیکەوە هۆی سەرەکی سەرکەوتنی سیاسەتی توانەوەی کورد بوو لەو کۆمارە سۆڤیەتییە. کوردانی تورکمەنستانیش هەمان چارەنووسی کوردانی ئازربایجانیان هەبوو. وادیارە سیاسەتی گەلانی تورک زمان لە هەر کوێیەک بن هەر هەمان شتە و هەموو چاو لە تورکیا دەکەن کە بە وڵاتی پێشەنگ دادەنرێت لە بواری چەوسانەوەی نەتەوەیی و تواندنەوەی گەلانەوە.**

**لە ئەرمەنستان بارودۆخی کورد هەندێ جیاواز بوو. بە هۆی کوشتاری ئەرمەنەوە لە سەر دەستی تورک لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا خۆشیان بە چارەی تورکدا نەدەهات. بەشی زۆری کوردانی ئەرمەنستانیش لە جەور و ستەمی تورک لە سەردەمی مێژوویی جیاوازدا ڕایان کردبوو و پەنایان هێنابووە بەر ئەو وڵاتە، بۆیە هەست و کۆستێکی هاوبەش هەردوو لای لە دژی تورک کۆ دەکردەوە. کۆماری ئەرمینیا ڕێگەیدەدا بە خوێندن بە زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە بەو زمانە. لە ئەنجامدا کۆمەڵێ پسپۆر و شارەزای کورد لەو کۆمارە پێگەیشتن و خزمەتیان بە زمان و مێژوو و کولتوری گەلەکەیان کرد. ژمارەی قوتابخانە کوردییەکان لەو کۆمارە لە گەشەکردندا بوو. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٢١ لە ئاواییە کوردییەکانی ئەرمەنستان تەنها پێنج قوتابخانە هەبوو،**

بەڵام لە ساڵی ١٩٢٥ بوو بە دە قوتابخانە. کوردەکانی ئەرمەنستان دەستیان کرد بە ڕێکخستنی کۆنگرە و کۆنفرانسی تایبەت بە کێشەکانی کۆمەڵگەکەیان، ئەلفوبێی کوردیان دانا (لە دەسپێکدا لە سەر بنەمای ئەلفوبێی ئەرمەنی، دوای ئەوە لاتینی و ئەوجا کیریلی و دوای نەمانی یەکێتی سۆڤیەتیش جارێکی تر گەڕانەوە سەر پیتی لاتینی) و دەستکرا بە چاپکردنی کتێب و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە.

ئەرمەنیش وەکو گەلێکی سەردەستە ڕێگەیان بە کوردی ئەوێ نەدەدا ئەو سنوورەی بۆیان دیاری کرابوو ببەزێنن. لە هەمان کاتدا لە هەوڵی دابەشکردنی کوردا بوون لە سەر بنەمای ئاینی. کوردانی ئێزیدییان لە دەرەوەی کورد وەک ئێزیدی لە پاسپۆرت و بەڵگە فەرمییەکانیان تۆمار دەکرد. لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی ناگۆرنە – قەرەباخ هەرچی کوردی موسوڵمان هەبوو، کە ژمارەیان دەور و بەری ٣٠ هەزار کەس دەبوو، لە ئەرمەنستان بە زۆر و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە دەرکرد. ئەو کوردانە بە هەرێمە جیاوازەکانی رووسیادا بڵاوبوونەوە و بەشێکیشیان بۆ کازاخستان و کۆمارەکان ئاسیای ناوەڕاست کۆچیان کرد. هەمیشە کوردانی ئەرمەنستان وەکو بەڵگەی بایەخدانی یەکێتی سۆڤیەت بە کورد و پاراستنی کولتوری کوردی لەو وڵاتە بە دەرەوە پیشان دەدران و باسیان لێوە دەکرا.

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کوردانی کەفکاز هەوڵی زۆریاندا لە سێبەری دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن. هەوڵەکانیان تەنها لە ئازربایجان ئەنجامێکی هەبوو، ئەویش کاتیی بوو و زوو لە بەین برا. لە سیبەکاندا کەسس نەدەپەرژایە سەر ئەو جۆرە باسانە چونکە کوردیش، وەکو هەموو گەلانی دیکەی ئەو وڵاتە لە سێبەری دیکتاتۆری ڕەشی ستالین دەژیان و بەر شاڵاوی ڕاونان و ڕاگوێزان کەوتبوون. کاربەدەستانی ئیمپراتۆرییە ترسناکەکەی ستالینی ستەمکار و ڕەگەزپەرستانی کەفکاز، بە تایبەتی ئازەرییەکان لە ژێر پەردەی "خەبات لە دژی نەیارانی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا، ئاژانەکانی ئیمپریالیزم و نازیزم و قاچاخچیان ... تاد" دەیان ملیۆن کەسیان لە بەین برد و چەندین ملیۆنی دیکەشیان بە زۆر لە سەر زێدی خۆیان بۆ سیبیریا، کازاخستان و ناوەڕاستی ئاسیا ڕاگوێزا. ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئازربایجان و گورجستان لە ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٤٤ بەر ئەم شاڵاوانە کەوتن. دوای مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣ و ڕیسواکردنی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی لە دژی گەلانی سۆڤیەت و ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێران و کۆمۆنیستە ڕاستەقینەکان، کوردیش هەوڵیدا سود لەو هەلە وەربگرێت و هەندێ لە خوێنەوار و ڕۆشنبیرەکانیان وەک عەربێ شەمۆ، ئاجیێ جندی، قەناتێ کوردۆ، چەرکەزێ بەکۆ و گەلێکی دیکە نامەیان بۆ کاربەدەستانی باڵای وڵات نارد و داوای دامەزراندنی هەرێمێکی تایبەتیان بۆ کوردانی سۆڤیەت کرد، ئەم هەوڵە و هەوڵەکانی دواتریشیان لە حەفتاکان سەریان نەگرت. لە تەک بەدەنگەوە نەهاتنی کاربەدەستان لە بەر دڵی ئازەری و ئەرمەنەکان، دەردە کوردەش وەکو هەمیشە ڕۆڵی خۆی دەگێڕا لە شکستی ئەو جۆرە هەوڵانە. هەموو جارێک کۆمەڵێ کورد پەیدا دەبوون، کە دەیانوت ئەوانە نوێنەرایەتی ئەوان ناکەن و هەندێکیان دەمێکی درێژە لە مۆسکۆ و لێنینگراد دەژین و ئاگاداری بارودۆخی ئەمان نین، کە گوایە بە کامەرانی و بەختەوەری لە گەڵ گەلانی برادا ژیان بەسەر دەبەن. بە گشتی بونیادی کۆمەڵایەتی کورد لە کۆمارەکانی کەفکاز دواکەوتوو بوو، حەفتا ساڵی سیستەمی کۆمۆنیستی نەیتوانی ئەو بونیادە دواکەوتووە هەڵتەکێنێ، بۆیە ڕەنگبێ کورد یەکێ لەو گەلە کەمانە بێت سودی زۆری لەو دەرفەتانە وەرنەگرتبێ کە ڕژێمی سۆڤیەتی لە بەردەم گەلانی بچووکدا ڕەخساندبووی بە تایبەتی لە بواری زانستی و کولتوریدا.
لە گەڵ ئەوەشدا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت بووە هۆی ماڵوێرانی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئەو وڵاتە.

لە ساڵی ١٩٣٧ بەشێک لە کوردانی ئازربایجان و ئەرمەنستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە سەر سنوورەکان دەژیان ڕاگوێزران بۆ کازاخستان و ناوەڕاستی ئاسیا. شاڵاوی دووەمی ڕاگواستنی کوردان لە ساڵی ١٩٤٤ بوو، کە زیاتر کوردانی گورجستانی گرتەوە. ئەمانیش ڕەوانەی هەمان شوێن کران. چیرۆکی ڕاگواستنی کوردان لە کۆمارەکانی کەفکازەوە بۆ کازاخستان و ناوەڕاستی ئاسیا پرسێکی شاراوە بوو و کەم کەس لە سۆڤیەت و دەرەوەی سۆڤیەت شتێکیان لە بارەیەوە دەزانی. ئەو توێژینەوانەی لە بارەی ڕاگوێزانی دەیان گەلەوە لە یەکێتی سۆڤیەت ئەنجام دراون زۆر باسی کوردیان وەک کورد کردووە. ئەگەر ئاماژەیەکیان پێ کرابێت، ئەوا یا لە ڕیزی گەلانی تورک زمان بووە، یا لە ڕیزی گەلانی موسوڵماندا باسیان لێوە کراوە. تا سەردەمی پیریسترۆیکا و گلاسنەست شتێک لەم بارەیەوە نەدەبیسترا و ئەگەر باس

بکرابایە کۆمۆنیستەکان بە توندی ڕەتیان دەکردەوە، تا کەسانی وەکو ئەکادیمێک نادر نادرەف و ئەوانی دیکە کەوتنە باسکردنی و لەو کۆنفرانسانەی لە بارەی کوردەوە لە ستۆکهۆڵم و پاریس بەستران هەندێ زانیارییان لە بارەی ڕاگوێزانی بەزۆری کوردەوە لە سەردەمی ستالیندا گێڕایەوە. شاڵاوی ڕاگواستن دەیان گەلی یەکێتی سۆڤیەتی گرتبووەوە وەک: کۆری، ئەڵمان، فینلەندی، تەتاری کریم، ئۆکراینی، چیچانی، کەڵمیک، ئەنگوش، بەلکار، یۆنانی، بێلەڕووسی، لاتفی، لیتوانی، ئەستۆنی و گەلێکی تر. ئەمانە هەندێکیان لە کۆتایی هەشتاکان و دەسپێکی نەوەدەکان دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان. بەڵام کورد نەک هەر زێدی خۆی لە دەستدابوو و جێگەی نەبوو بۆی بگەڕێتەوە، بەڵکو بەر شاڵاوی ڕاگواستنی نوێش کەوت. لە کازاخستانەوە ڕوویان لە هەندێ دەڤەری ڕووسیا کرد وەک کراسنەدار، ستافرۆپل، ڕەستۆف و ئادیگێی. ژمارەی ئەو کوردانەی لە ١٩٣٧ و ١٩٤٤ ڕگوێزران نازانرێ. کوردەکان بۆ خۆیان باس لە هەزاران کەس دەکەن. لە بارەی ئەوانەی ئازربایجانەوە هەندێ سەرچاوە باس لە پێنج هەزار و بۆ ئەوانەی گورجستانیش باس لە سێ هەزار ڕاگوێزراو دەکەن. ئەو ژمارانە بۆ کەمینەیەکی بچووکی وەکو کورد لەو سەردەمەدا ژمارەی گەورە بوون.

بەشداری کوردانی یەکێتی سۆڤیەت لە بەرەکانی شەڕی دووەمی جیهانی لە دژی سوپای هیتلەر مایەی شانازی بوو بۆ بنەماڵەکانیان. هەمان چەتۆیەف کتێبێکی ١٧٢ لاپەڕەیی لە بارەی بەشداری کوردەوە لەو شەڕەدا، کە لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیا بە شەڕی مەزنی نیشتمانی نێو دەبرێت، نووسیوەو لە ساڵی ١٩٧٠ لە پایتەختی ئەرمەنستان، یەریڤان بڵاوی کردۆتەوە. لەو کتێبەیدا چەتۆیەف ناوی سەدان کوردی تۆمار کردووە کە لە بەرەکانی شەڕدا بەشدارییان کردبوو و هەندێکیان نازناوی پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەتیان پێ بەخشرابوو، وەکو سیامەند سیابەندۆف. بە پێی ژمارەکانی چەتۆیەف لە ساڵانی ١٩٤١ – ١٩٤٤ زیاتر لە ٧٠٠ کورد لە ڕیزی سوپای سۆردا لە بەرەکانی شەڕ بەشدارییان کردبوو و لەمانە ٤٠٠ یان ژیانیان بەخت کرد.

بەگشتی سیاسەتی سۆڤیەتی لە بەرامبەر کوردەکانی خۆی هەندێ سەردەمی لیدەرچێ، سیاسەتی پاراستنی کولتوری نەتەوەیی و زمانی کوردی بوو، بە تایبەتی لە ئەرمەنستان و دواتریش لە کازاخستان. بەڵام لە کۆمارەکانی دیکە بە تایبەتی ئازربایجان و تورکمەنستان کورد لە ژێر پەردەی برایەتی گەلان و سۆسیالیزمدا ڕوو بە ڕووی سیاسەتی تواندنەوە ببووەوە و لە ماوەی چەند دەیەیەکدا ئیدی باسی کورد لەو کۆمارانە نەما، بە تایبەتی لە ئازربایجان کە کورد ناوچەی تایبەت بە خۆی هەبوو و داب و نەریت و کولتوری خۆی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تێدا پاراستبوو.

# ڕووسیا و کورد: دوو سەدە لە پشتگوێخستن - بەشی سێیەم

دکتۆر جەبار قادر

## 2. لە بەرامبەر کوردی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت:

لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش بەرامبەر کوردی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک ئەستەمە باس لە سیاسەتێکی سۆڤیەتی تایبەت بە کورد بکرێت. یەکێتی سۆڤیەت نەیتوانی خۆی لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای تساری لەم بارەیەوە ڕزگار بکات. بە هەمان چاو سەیری کوردی ئەکرد، واتا بە چاوی بەکارهێنانی هێز و دۆزی کورد بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی. لە دەسپێکدا بەلشەڤییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون پەیامەکانی خۆیان بگەیەنن بە کورد. ئەم کارەیان لە ڕێگەی پارتە کۆمۆنیستەکانەوە دەکرد. هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە لە سێبەری دەسەڵاتی دیکتاتۆری کەمالی و پەهلەویدا لە تورکیا و ئێران و کۆلۆنیالیزمی بریتانی و فەرەنسیدا لە عیراق و سوریا هەوڵەکانیان ئەنجامێکی وا بەدەستەوە نادەن، وەک ئەوەی لە کەفکاز و دواتریش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا بەدەستیان هێنا.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالی لە تورکیا بەلای بەلشەڤییەکانەوە دەرفەتێک بوو بۆ فراوانکردنی بەرەی دژ بە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا، بۆیە یەکسەر دانیان بەو دەسەڵاتەدا نا و ڕێکەوتننامەیان لە گەڵیدا مۆر کرد. لە کاتێکدا یارمەتی دارایی و چەک و جەبەخانەیان بە کەمالییەکان پێشکەش ئەکرد، برسێتی تەنگی بە گەلانی ڕووسیا هەڵچنیبوو. کەمالییەکان زۆر بە باشی کەڵکیان لە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت وەرگرت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تورکیا و یاریکردن لە گەڵ بریتانیا و فەرەنسا. بۆیە دوای ئەوەی گەیشتن بە ئامانجەکانیان پشتیان لە یەکێتی سۆڤیەت کرد و لە گەڵ بریتانیا و فرەنسا و دواتریش ئەمێریکا دەستیان تێکەڵ کرد. جارێکی تر ڕووسیا بووەوە بە دراوسێ و دوژمنەکە مێژووییەکەی ڕابردوو، کە هەمیشە چاوی تەماحی بڕیوەتە تورکیا. دوای بەهاری کورتی دۆستایەتی نێوان هەردوولا، لە سییەکانەوە تورکیا بوو بە بنکە و پێگەیەکی گرنگی دژ بە کۆمۆنیزم و خزمەتکردنی سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نزیک. ڕۆڵی تورکیا لە هاوپەیمانییە دژ بە کۆمۆنیستییەکان و یەکێتی سۆڤیەت کەم نەبوو، پەیماننامەکانی سەعد ئاباد، نەیتۆ و سێنتۆ ئەڵقەی گرنگیان پێکدەهێنا لە هاوپەیمانی تورکیا لە گەڵ ڕۆژئاوا و وڵاتە گوێڕایەڵەکانیان لە هەرێمەکەدا.

مۆسکۆ سەرهەڵدانەکانی کوردی تورکیای لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بە پیلانی ڕۆژئاوا و دەستێکەڵکردنی دەرەبەگ و سەرەک هۆزانی کورد لە گەڵ ئیمپریالیزمی بریتانیدا لە قەڵەم ئەدا. ئەرکی سەرەکی ڕۆژهەڵاتناسان و شارەزایانیش ئەوە بوو بنەمای فیکری و ئایدیۆلۆژی بۆ ئەو بۆچوونەی حیزب و دەوڵەت لە ڕێگەی توێژینەوەکانیانەوە دابڕێژن. لە سەردەمی سۆڤیەتیدا تێزی فەرمی دەزگا زانستییەکان "پارتایەتی زانست" (بە ڕووسی پارتیینەست ناووکی) بوو، بەو واتایەی کە دەبێ هەموو زانستەکان، بە تایبەتیش زانستە مرۆڤایەتییەکان تەنها و تەنها لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم – لێنینیزم، هەڵبەتە بە لێکدانەوە بەلشەڤییەکەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، شیرۆڤە بکرێن و توێژینەوەیان لە بارەوە بکرێت. لە سییەکانەوە ستالینیزمشی هاتە سەر و کۆمەڵێ تێز بە نێوی ستالینەوە لە بواری پرسی نەتەوەیی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمای و زمانەوانی ..تاد بڵاوکرانەوە و دەبوایە زانایانی سۆڤیەت تەنها لەو چوارچێوەیەدا توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن. یەکێ لە تێزە سەرەکییەکانی ستالینیزم لە بواری پرسی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا ئەوە بوو کە تەنها ئەو بزووتنەوانەی چینی کرێکار ڕابەرایەتیان دەکات دەبێ بە بزووتنەوەی پێشکەتنخواز لە قەڵەم بدرێن و ئەوانەی دیکە هەمووی دواکەوتوو و بە فیتی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستانن. هەڵبەتە نە ئەو کاتەو نە دوای ئەو دەمەش بە پەنجا ساڵ ئەم بارە بۆ کورد لە ئارادا نەبوو. ئیدی لە کۆتایی سییەکانەوە تا شەستەکان باسی شتێک نەما لە بارەی کوردی تورکیاوە. لە کۆتایی پەنجاکان و دەسپێکی شەستەکانەوە هەندێ لێکۆڵینەوە لە بارەی مێژووی دۆزی کوردەوە لە تورکیا پەیدا بوون کە لێکدانەوەیەکی جیاوازیان لەوانەی پێشوو دەخستە ڕوو. نووسەری ئەم تێزە تازانە مانڤێل ئەرسینۆڤیچ هەسراتیان ( گەسراتیان، ئەسراتیان، گیسارەف) بوو، کە دەبوایە ئەم کارەی یا بە نهێنێ بکردبایە ( تێزی دکتۆراکەی کە بۆ ساڵانێکی زۆر لە بەشی نهێنێ دەپارێزرا)، یا لە ژێر ناوی دیکەدا نووسینەکانی بڵاوبکردایەتەوە (گیسارەف). زانای کوردیش دکتۆر کەمال مەزهەر هەر لە شەستەکان لە هەردوو تێزەکەی لە بارەی مێژووی هاوچەرخی کوردەوە زانیاری و لێکدانەوەی زیاتری خستە بەردەم کوردناسان لەم بارەیەوە و کارەکانی بەشێک لە بۆچوونەکانی پێشووی خستە ژێر پرسیارەوە.

لە ساڵانی شەڕی یصصثةغ جیهانیدا هاوسۆزی تورک بۆ هیتلەر و نازییەکانی ئەڵمانیا لە کەس شاراوە نەبوو. ئەم هاوسۆزییەی تورک مایەی تووڕەیی ستالین بوو و بیرۆکەی تەمێکردنی تورکیای لە لای بەهێز کردبوو، هەڵبەتە بۆ هەلی لە بار ئەگەڕا بۆ ئەو ئەنجامدانی ئەو کارە. کاربەدەستانی تورکیا زوو کەوتنە خۆیان و لە کاتی پێویستدا زیرەکانە هەڵس و کەوتیان کرد. دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت ئەڵمانیا شەڕ ئەدۆڕێنێ نەک هەر بایانداوە، بەڵکو شەڕیشیان لە دژی ئەڵمانیای نازی ڕاگەیاندا، بەڵام بێ ئەوەی یەک فیشەک بتەقێنن. بەو هەڵوێستەیان جێگەی خۆیان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا مسۆگەر کرد و تورکیایان لە هەڕەشەکانی ستالین پاراست.

بۆ ساڵانی دواتر تورکیا بوو بە ئەندامی نەیتۆ و بەشێک لە سیستەمی بەرگری ڕۆژئاوایی و شەڕی سارد و ئیدی دەرفەتی ئەوە نەما یەکێتی سۆڤیەتی هەڕەشەی لێبکات. هێدی هێدی پەیوەندییەکانی هەردوولا ئاسیی دەبوونەوە و پرینسپی هەڵکردن لە گەڵ دونیای کەپیتالیزمدا لە جیهان دەبووە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت. لە هەمان کاتدا لە باکوری کوردستانیش جموجوڵی سیاسی و سەربازی لە ئارادا نەبوون، کە سۆڤیەت ناچار بکەن هەڵوێستیان لە مەڕ ڕابگەیەنێ، بۆیە تا دوا ساڵانی تەمەنی جۆرێک لە بێدەنگی هەڵبژاردبوو لە بارەی کوردی تورکیاوە.

لە بارەی یەکێتی سۆڤیەت و کوردی ئێرانەوە تا شەڕی دووەمی جیهانی شتێکی ئەوتۆ لە ئارادا نیە لێرەدا باسی لێوە بکرێت. بەلشەڤییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون پەیوەندییان لە گەڵ ئێراندا ئاسایی بێت. خۆیان لە گەڵ ئەوەدا گونجاندبوو کە ئێران پێگەیەکی گرنگە بۆ بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و نابێ کاری وا بکەن پاڵ بەو وڵاتەوە بنێت زیاتر خۆی بخاتە باوەشی ڕووژئاواوە. هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ باکوری ئێران و گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد لە ناوچەی موکریان تا دەگاتە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان زۆریان لە سەر نووسراوە. لێکدانەوەی زۆریش بۆ کشانەوەی سوپای سور لە ئێران کراون. بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەی لە تاران (١٩٤٣) و یالتا (١٩٤٥) لە نێوان چێرچل، ڕۆزڤێلت و ستالیندا کرابوون، دەبوایە لایەنەکان لە دوای شەڕ دان بە سەربەخۆیی ئێراندا بنێن و هێزەکانیان لەو وڵاتە بکشێننەوە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە فشاری زۆری ئەمریکا و گفتی کاربەدەستانی ئێران بەوەی کە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە بواری نەوتدا لە بەر چاو دەگرن، بەس بوون بۆ ئەوەی ستالین بە ناچاری بڕیار بدات لە ئێران بکشێتەوە. نە کورد و نە ئازەرییەکانیش دەرفەتی ئەوەیان هەبوو لەو ماوە کورتەدا بنەماکانی کۆمارەکانیان بەهێز بکەن و لە بەرامبەر سوپای ئێران خۆیان ڕابگیرێ، کە بریتانیا و ئەمێریکا پشتیوانی بەهێزیان لێدەکرد. ئەوان وایان دانابوو تازە یەکێتی سۆڤیەت پشتیان بەرنادا و هێزەکانی ئەو ناوە چۆڵ ناکەن.

دوای شەڕیش کاریگەری سۆڤیەت لە سەر ئێران لە ڕێگەی تودەوە تا کۆتایی چلەکان لە ئارادا بوو، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو کاریگەرییە لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان لاوازتر دەبوو و ئێران زیاتر دەبووە پێگەیەکی ڕۆژئاوا، کە لە دوای شەڕەوە ئیدی ئەمێریکا، نەک بریتانیا نوێنەرایەتی دەکرد و جڵەوەکەی گرتبووە دەست. ئێران بوو بە ئەندامی سەرەکی و کاریگەری پەیمانی بەغدا (سێنتۆ) و ڕژێمی شا ڕۆڵی گرنگی پێ سپێردرا بوو بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم لە ناوچەکەدا. لە شەستەکانەوە ئێران هێدی هێدی بەهێز دەبوو و هەموو لایەک حسێبیان بۆ ڕۆڵی لە ناوچەکەدا دەکرد. بە هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩ یەکێتی سۆڤیەت هیوای ئەوەی لا پەیدا بوو کە لاپەڕەیەکی نوێ لە گەڵ ئێراندا دەستپێدەکات و جێگەی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە. بەڵام کاتێکی زۆری پێنەویست بۆ ئەوەی بۆی دەربکەوێت کە کۆماری ئیسلامی ناکۆکی ئایدیۆلۆژی زۆر توندی لە گەڵ کۆمۆنیزمدا هەیە و زەمینەی هاوپەیمانێتی لە نێوان هەردوولادا لە سفرەوە نزیکە.

دوو ئایدیۆلۆژیای ناکۆک و دژ بە یەک و هاوکاری سەربازی سۆڤیەت بۆ عیراق لە کاتی شەڕی ئێران و عیراقدا ( ١٩٨٠ – ١٩٨٨) لای کەس مەسەلەیەکی نهێنی نەبوو. لە هەشتاکاندا لە یەکێتی سۆڤیەت هەندێ کرانەوە بە ڕووی کوردی ئێراندا هەستی پێدەکرا، بەڵام ئەنجامێکی زۆری نەبوو، چونکە خۆری کۆمۆنیزم خۆی لە ئاوابووندا بوو. ژمارەیەک لە پەناهەندەی کوردی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لە یەکێتی سۆڤیەت دەیانخوێند و دوای تەواوکردنی خوێندنیش تا کاتی هەڵگیرسانی شۆڕش لە ئێران هەر لەوێ مابوونەوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیز و پاشایەتیدا یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی حیزبی شیوعی عیراقییەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی مارکسی لە نێو کوردی عیراقدا دەدا. دواتر پارتی دیموکراتی کوردستانیش دروشمی کەڵک وەرگرتنی لە فەلسەفەی مارکسی - لێنینی بەرزکردەوە. دوای لەناوبردنی کۆماری کوردستان و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بارزان، بارزانی و یاوەرانی پەنایان بردە بەر سۆڤیەت و بۆ ماوەی یازدە ساڵ لەوێ مانەوە. لە دەسپێکدا هەڵس و کەوتی کاربەدەستان، بە تایبەتی لە ئازربایجان زۆر خراپ بوو لە گەڵیاندا. بەلشەڤییەکان هەستێکی وایان لە لای هاوڵاتیانی سۆڤیەت دروست کردبوو کە گومان لە هەموو کەسێکی بیانی بکەن و بە سیخوڕی ڕۆژئاوای دابنێن. ئێمە کە

له حەفتاکان لەوێ دەمانخوێند هێشتا ئاسەواری ئەو بەدگومانییە لە لای هاوڵاتییان سۆڤیەتی بە زەقی بەدی دەکرا. بەرپرسی یەکەمی ئازربایجان باگیرەف (باقرۆف) کە پێدەچێ خۆشی بەچارەی کوردا نەهاتبێ، زۆر دژایەتی بارزانی دەکرد و دەیویست وای پیشان بدات کە ئەمانە بە پیلانی ئینگلیز هاتوونەتە یەکێتی سۆڤیەت. ڕەنگبێ ئەم هەڵس و کەوتەی ئازەرییەکان بچێتە هەمان چوارچێوەی سیاسەتەکانیانەوە بەرامبەر بە کوردانی ئازەربایجان کە لە بەشێکی دیکەی ئەم باسە ئاماژەمان پێکرد. دواتر بارزانییەکان برانە ناوەڕاستی ئاسیا بۆ ئۆزبەکستان و لە دوای مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣ بارودۆخیان باشتر بوو و بارزانی و هەندێ لە یاوەرانی برانە مۆسکۆ تا کودەتای ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ لەوێ مانەوە. دوای کودەتاکە بە چەند مانگێک ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە بۆ عیراق.

یەکێتی سۆڤیەت و حیزبی شیوعی عیراق پشتگیری ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد. قاسم پیاوێکی سەربازی بوو و باوەڕی وابوو دەکرێت کۆمەڵگەش وەک سەربازگە بەڕێوە ببرێت. هەرچەندە تاکڕەوی قاسم عیراقی بەرەو کارەسات دەبرد و هیچ لایەنێک لە توانایدا نەبوو ڕێگە لەو ڕەوتەی ڕووداوەکان بگرێت، ئەو هێزانەی پشتیوانیان لێدەکرد لە هەڵویستەکانیان تا دوا ڕۆژی ڕژێمەکەی بەردەوام بوون. ڕاستە قاسم پیاوێکی دەسپاک بوو و ڕژێمەکەی کۆمەڵێ هەنگاوی نا لە بەرژەوەندی هەژاران و دژ بە دەرەبەگ و سەرەک هۆزەکان بوو، بەڵام ئەو هەنگاوانە ئەڵقەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەردەوام نەبوون بۆ ئەوەی بونیادی دەفگرتووی کۆمەڵگەی عیراقی بگۆڕێت. تا ئێستاش ناکۆکی توند لە بارەی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ لە نێوان لایەنگران و نەیارانیدا لە ئارادان، ئایە ئەمە شۆڕش بوو، یا کودەتایەکی سەربازی بوو، کە کۆمەڵێ ئەفسەری سوپا لە شەوێکی تاریکدا لە دژی ڕژێمێکی دەستوری ئانجامیاندا؟. هەڵوێستی کوردیش لە بارەیەوە وەک زۆر شتی تر مایەی تێڕامانە، لە لایەکەوە بە شان و باڵی قاسم و کۆمارەکەیدا هەڵدەدەن و لە لایەکی تریشەوە هەموو شانازی بەو شۆڕشەوە دەکەن کە لە دژی قاسم و ڕژێمەکەی لە ١٩٦١بەرپاکرا!!.

لە ٨ شوباتی ١٩٦٣ کودەتای بەعسییەکان کۆتایی بە ڕژێمی قاسم هێنا. ئا لەم کاتەدا سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر دەوڵەتی عیراق گۆڕانی بەسەردا هات. دەستێکەڵکردنی بەعس لە گەڵ ڕۆژئاوا و هەڵمەتی سەرکوتکردن و خوێنڕشتن لە دژی نەیارەکانی، بە تایبەتی کورد و کۆمۆنیستەکان پاڵیان بە یەکێتی سۆڤیەتەوە نا هەڵوێستێکی توند لە دژی دەسەڵاتی بەعس لە عیراق بنوێنێ. حەفتەیەک دوای هێرشە بەربڵاوەکەی بەعس بۆ سەر کوردستان لە ١٠ حوزەیرانی ١٩٦٣ یەکێتی سۆڤیەت لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیدا پشتگیری خۆی بۆ داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد لە عیراق ڕاگەیاند. ئۆرگانەکانی پارتی کۆمۆنیست و حکومەتی سۆڤیەتی و لە گەڵ ئەوانیشدا میدیای وڵاتانی سۆسیالیست هەڵمەتێکیان لە دژی بەعس و کردەوەکانی لە عیراق و کوردستان دەستپێکرد. ڕۆژانە پراڤدا و ئیزڤێستیا وتارو هەواڵیان لە سەر تاوانەکانی حکومەتی بەعس بڵاو دەکردەوە، هەواڵی بێزاری و توڕەیی بیروڕای گشتیان لە زۆر لە وڵاتانی دونیا لە دژی کردەوەکانی بەعس تۆمار دەکرد.

لەو ئان و ساتەدا داگیرکەرانی کوردستان خەریکی دارشتنی پیلان و ڕێکەوتن بوون بۆ ئەوەی بزووتنەوەی چەکداری کورد لە باشوری کوردستان بخنکێنن. سوریا هێزی سەربازی و چەند فڕۆکەوانێکیشی ڕەوانەی عیراق کرد بۆ ئەوەی لە دژی پێشمەرگە شەڕ بکەن. لە هێرشدا بۆ سەر کورد بەشدارییان کرد، بەڵام لە سەر دەستی پێشمەرگە شکستیان خوارد. ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا چەند جارێک بۆ باسی دۆزی کورد لە باشوری کوردستان، کە ئەوان  بە" کێشەی بارزانی لە باکوری عیراق" ناویان دەبرد، کۆبوونەوەی تایبەتی ئەنجامدا. ئەنجومەن بڕیاری ئەوەی دابوو کە دەبێ ئەو بزووتنەوەیە لە ناوببرێت. بۆ ئەم مەبەستە تورکیا لە گەڵ ئێراندا لە سەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی هاوبەش لە دژی کورد پێکهاتبوون و ناویان لێ نابوو (ئۆپەراسیۆنی دیجلە - Tiger Operation). ئەم دوو وڵاتە پشتگیری وڵاتانی سێنتۆشیان لە کۆبوونەوەکانی کەراچی و ئەزمیر لە هاوێنی ١٩٦٣ بۆ پڵانەکەیان بەدەست هێنابوو. هەر لەو چوارچێوەدا عیراق ڕێگەی دابوو فرۆکە سەربازییەکانی تورکیا  بەسەر کوردستاندا بفڕن و پێگە و بارەگاکانی پێشمەرگە دیاری بکەن. فڕۆکەوانە تورکەکان تەنها بە فڕین بە سەر کوردستاندا و زانیاری کۆکردنەوە دڵیان ئاوی نەدەخواردەوە، بۆیە بۆ چەندین جار پێگەکانی پێشمەرگەشیان بۆردمان کرد. بریتانیا و ئەمێریکا هاوکاری سەربازیان پێشکەش بە بەعس ئەکرد و ئەڵمانیای ڕۆژئاواش هاوکاری دارایی ڕژێمی بەعسی دەکرد. بزووتنەوەی چەکداری کورد لە هەموو لایەکەوە دەورەی درابوو و گەلەکۆمەی لێکرابوو، حکومەتی بەعسیش شەڕێکی وێرانکەر و گەمارۆیەکی ئابوری

سەختی بە سەر کوردستاندا سەپاند بوو. ڕاونان، ڕاگواستن، وێرانکردنی گوند و کوشتنی کوردی کردبوو بە کردەوەی ڕۆتینی ڕۆژانە و ئەرکی سەرەکی سوپا وێرانکارەکەی.

لەو کاتەدا یەکێتی سۆڤیەت هەڵوێستێکی توندی نواند بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەو پلانانەی داگیرکەرانی کوردستان دابنێت. حکومەتی سۆڤیەتی لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمی توندا لە ٩ تەممووزی ١٩٦٣ داوای لە ئێران، تورکیا و سوریا کرد واز بێنن لە دەستێوەردان لە ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق و هەڕەشەی ئەوەشی لێکردن کە لێکەوتەکانی بەردەوامبوونیان لەو سیاسەتەیاندا گران دەبێت و زۆریان لە سەر دەکەوێت. لە هەمان کاتدا نامەی فەرمی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشیش نارد و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاگادار کردەوە لەو تاوانانەی حکومەتی عیراق لە دژی کورد دەیانکات. ئەوەشی ڕایگەیاند ئەگەر کار بەو جۆرە بەردەوام بێت، ئەوا یەکێتی سۆڤیەت بە پێویستی دەزانێت ئەنجومەنی ئاسایش ئەو پرسە بخاتە کارنامەی کۆبوونەوەکانیەوە. ئەنجومەنی ئاسایش ئەو کاتە ئەو کارەی نەکرد چونکە ڕۆژئاوا لە دژی ئەوە بوو و یەکێتی سۆڤیەتیش ئامادە نەبوو هەتا دوایی ڕێگەکە بڕوات. هەر لەو مانگەدا سکرتارییەتی ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ پرۆژەی بڕیارێکی بڵاوکردەوە، کە شاندی سۆڤیەتی پێشکەشی کردبوو و بە توندی سیاسەتی بەعسی ڕیسوا دەکرد و ئەو سیاسەتەی لە دژی کورد بە کردەوەی جینۆساید لە قەڵەم دەدا، کە دژی پرینسیپە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤن. ئەو ئەنجومەنە پرۆژەکەی ڕەتکردەوە و کوشتاری بەعسی لە کوردستان نەخستە کارنامەی کۆبوونەوەکانیەوە. لە ١٨ ئەندامی ئەنجومەنەکە تەنها دوو ئەندامیان، کە نوێنەرانی یەکێتی سۆڤیەت و چیکەسلۆفاکیا بوون لە گەڵ پرۆژەکەدا بوون.

لە ٢ تەممووزی ١٩٦٣ حکومەتی مەنگۆلیا، دەبێ بە ڕێنمایی و هاندانی یەکێتی سۆڤیەت بووبێ، بە فەرمی داوای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد "سیاسەتی جینۆسایدی کورد لە سەر دەستی حکومەتی عیراق " بخرێتە کارنامەی جڤاتی گشتی ڕێکخراوەکەوە. ئەم داخوازییەش ڕەتکرایەوە. مەنگۆلیاش بێدەنگیی لێکرد. لەو نۆ مانگ و دە ڕۆژەی بەعس لە سەر دەسەڵات بوو لە عیراق، یەکێتی سۆڤیەت هەڵمەتێکی توندی لە سەر ئاستی بیروڕای گشتی دونیا لە دژی بەڕپا کردبوو و دۆزی کوردیش لە باشوری کوردستان لە ڕێگەی ئەو هەڵمەتەوە باشتر بە دونیا ناسێنرا.

بەعس پەندێکی باشی لەم ئەزموونەی خۆی لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت وەرگرت، بۆیە لە دوای کودەتاکەی لە ١٧ تەممووزی ١٩٦٨ بۆ چەند ساڵێک بوو بە دۆستێکی نزیکی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیست و کورد وتەنی موویان بە بەینا نەدەچوو.

لە ١٨ نۆڤەمبەری ١٩٦٣ عەبدولسەلام عارف لە بەعسییەکان هەڵگەڕایەوە و کۆتایی بە ڕژێمە خوێناوییەکەیان هێنا. سروشتی شۆڤێنی ڕژێمی عارف بەرامبەر بە کورد جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ بەعسدا نەبوو. عارف خۆی بە دەروێشی جەمال عەبدولناسر دادەنا، بۆیە ناسر هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت ئاسایی بکاتەوە. لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە ساڵ لە دوای ساڵ تێکەڵییەکانی نێوان عیراق و یەکێتی سۆڤیەت ئاسایی دەبوونەوە. لەو ساڵانەدا یەکێتی سۆڤیەت هانی حکومەتی عیراق و لایەنی کوردی دەدا لە ڕێگەی دیالۆگەوە کێشەکانیان لە چوارچێوەی عیراقدا چارەسەر بکەن. لەم بوارەدا یێڤگێنی پریماکەف (پەیامنێری ڕۆژنامەی پراڤدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دواتر سەرۆکی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، وەزیری دەرەوە و سەرۆک وەزیرانی ڕووسیای فیدیرال) ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی. زۆر باسی ئەوەش دەکرێت کە ئەو ڕۆڵی هەبووە لە گەیشتن بە ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ لە نێوان حکومەتی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولدا.

لە هەفتاکان دۆستایەتی یەکێتی سۆڤیەت و ڕژێمی بەعس لە سەر حیسابی پەیوەندییەکانی بوو لە گەڵ کوردا. هەر بە هاندانی یەکێتی سۆڤیەتیش حیزبی شیوعی عیراقی لە هاوینی ١٩٧٣ بەرەی بە نێو نیشتمانی و نەتەوەیی لە گەڵ حیزبی بەعسدا پێکهێنا. هەوڵدرا لایەنی کوردیش ناچار بکرێت بچێتە نێو بەرەکەوە، بەڵام ئەو هەوڵە سەری نەگرت و نەدەکرا سەربگرێت. بە کەناڵی جیاوازیشدا ئامۆژگاری سەرکردایەتی سیاسی کورد کرا لە گەڵ بەعسدا ڕێکبکەون و دەست نەکەنەوە بە شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤. ئەوان نەک تەنها دەیانزانی، بەڵکو بە خۆیان ڕۆڵی زۆریان هەبوو لەوەی،

بەعس خۆی بەهێز کردبوو و پارەیەکی زۆری نەوتی لە بەر دەستدا بوو و تۆڕی پەیوەندییەکانی لە دونیادا فراوان و کاریگەر کردبوو. بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە گەڵ حکومەتی عیراقدا زۆر لەوە گەورەتر بوون لە پێناوی کورد و حیزبی شیوعی عیراقدا بکرێن بە قوربانی.
یەکێتی سۆڤیەت لە دوای ۱۹۷۵، تەنانەت ئەو کاتەش کە بەعس کەوتە گیان شیوعییەکان، هیچ هەڵوێستێکی وای نەنواند مایەی ئاماژە پێکردن بێت. ساڵانی دوای ۱۹۷۵ سەردەمی کێبڕکێ بوو لە نێوان وڵاتاندا بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین پرۆژە و بەرژەوەندی ئابوری لە عیراقی بەعسدا. حکومەتی بەعسیش ئەوەی زۆر باش بەکار دەهێنا بۆ بێدەنگکردنی وڵاتان بەرامبەر تاوانەکانی بەرامبەر کورد و نەیارە سیاسییەکانی.
لە ساڵانی شەڕی ئێران و عیراقیش فرۆشتنی چەک بە ملیارەها دۆلار بە ڕژێمی سەدام شوێنی هەموو پرۆژە و بەرژەوەندییە ئابورییەکانی دیکەی گرتبووەوە. بێدەنگی یەکێتیی سۆڤیەت لە بەرامبەر تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دژ بە کورد و گەلانی تری عیراق بە درێژایی ساڵانی شەڕ پەڵەیەکی ڕەشە لە مێژووی دەوڵەتی سۆڤیەتدا. ئەو بێدەنگییە لە بەرامبەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال شەرمەزارییەکی ئەوەندە گەورە بوو، تەنها بە لە نێوچوونی یەکجاری ئەو دەوڵەتە دەکرا لە بیر بکرێت. لەم بارەیەوە کوردناسی بەناوبانگی رووسیا میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازەرێف لە وتارێکدا لە ژمارە یەکی ساڵی ۱۹۹٤ لە گۆڤاری "ئاسیا و ئەفریقای ئەمڕۆ" بۆچوونێکی جوانی خستوتە ڕوو کە کورتەکەی بەم شێوەیە: لە دونیا تەنها یەکێتی سۆڤیەت لەم تیرۆرەی دەوڵەتی عیراق لە دژی کورد بێدەنگ بوو. هەرچەندە گوایە "بیرکردنەوەی تازەی گەرباچەڤی - گورباچۆڤ" لە ئارادا بوو، بەڵام پرینسپی ئاسنینی پێشووی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت هێشتا هەر لە کاردابوو، ئەویش ئەوە بوو کە دەبوایە پشتگیری لە هاوپەیمانەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت کە گوایە لە "دژی ئیمپریالیزم" بوون، بۆیە بێدەنگی گۆڕستانەکان باڵی کێشابوو بە سەر نێوەندە فەرمی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سۆڤیەتدا بەرامبەر ئەو ڕووداوە کارەساتبارانەی لە کوردستان دەقەومین. هەندێ لێکدانەوەی واش لە میدیای سۆڤیەتیدا بەرچاو دەکەوتن کە گوایە ئەو هەواڵانە درۆ و دەلەسەن و بریتین لە بوختان و پیلانی بورژوازی نیەت خراپ. بۆ نموونە پەیامنێری ڕۆژنامەی " پراڤدا – ڕاستی!!!" لە واشنتن هەواڵی هێرشە کیمیاوییەکانی بۆ سەر کوردستانی عیراق بە "درۆی ڕووت و بوختانی هەڵبەستراو" دادەنا. وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش ئێدوارد شیڤێرنادزە خۆی لە بابەتەکە دەدزییەوە و دەیوت گوایە زانیاری باوەڕپێکراوی لە بەردەستدا نیە. ئەمە ڕێک ئەو دەمە بوو کە خۆری یەکێتی سۆڤیەت لە ئاوابووندا بوو و لە دەسپێکی نەوەدەکاندا بە یەکجاری سەرینایەوە.
لە بارەی کوردی سوریاوە، کە ئێستا مۆسکۆ وا بە گەرمی باسیان لێوە دەکات و هەوڵدەدات لێیان نزیک ببێتەوە و لە ستراتیژی خۆیدا لە سوریا کەڵک لە پێگەی بەهێزیان وەربگرێت، بە درێژایی مێژووی یەکێتی سۆڤیەت هیچ هەڵوێستێکی لە بارەیانەوە پیشان نەداوە. ئەوەی زانراوە تەنها ئەوە بووە کە دەمێک بوو پەیوەندی لە گەڵ پارتە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا هەبوو و بورسی خوێندنی بۆ ئەندامەکانیان پێشکەش دەکرد. کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەموو مافەکانیان بێبەش کرابوون، بۆیە ئەو دەرفەتەی کە یەکێتی سۆڤیەت پێشکەش بە گەنجانی کوردی سوریای دەکرد بۆ تەواوکردنی خوێندن لەو وڵاتە دەکرێ وەک هەڵوێستێکی ئەرێنی لە بەرامبەر کوردی ئەو بەشەی کوردستان هەڵبسەنگێنرێت. ئەنجامی ئەو پرۆسەیە ئامادەکردنی کۆمەڵی کادری کورد بوو، کە ئەورۆ توێژێکی گرنگی ڕۆشنبیرانی ئەو بەشەی کوردستان پێکدێنن. دەکرێ بڵێم ئەمە تەنها لایەنی ئەرێنی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بوو بەرامبەر کوردی ڕۆژئاوای کوردستان.
بە گشتی یەکێتی سۆڤیەت لە بوارە جیاوازەکانی زانستدا و بە تایبەتی لە بواری کوردۆلۆژیدا ژمارەیەک کادری بۆ باشور و ڕۆژئاوای کوردستان پێگەیاند. لە کۆتایی پەنجاکانەوە بورسی خوێندنی بۆ زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و هەردوو حیزبی شیوعی عیراقی و سوری تەرخان دەکرد. لە کاتێکدا کە دەرفەتی خوێندنی زمان، مێژوو و کولتوری کوردی لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردبوو نەبوو، ئەم یارمەتییەی یەکێتی سۆڤیەت کارێکی ئەرێنی و جێگەی دەستخۆشی بوو.

**لە بەرامبەردا یەکێتی سۆڤیەت بە درێژایی تەمەنی لە گەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا نەبووە. ئەو دەمە بیانوەکەی ئەوە بوو کە ئەو هەنگاوە لە بەرژەوەندی کرێکارانی جیهاندا نیە و خزمەتی گەشەکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی ئەو گەلانە بە گەلی کوردیشەوە ناکات. پێموایە تاوەکو ئێستاش بەو پێناسەیەی مارکس و لێنین بۆ چینی کرێکار، هێشتا کورد ئەو چینەی نیە. یەکێ لە شتە سەیر و سەمەرەکانی تری پڕوپاگەندەی سۆڤیەتی لە بارەی بزووتنەوەی کوردییەوە ئەوە بوو، کە گوایە جموجوڵی کورد لە نزیک سنوورەکانی باشوری یەکێتی سۆڤیەتە دەبێت، واتا نزیک سنوورەکانی کۆمارەکانی کەفکاز، ئەمەش مەترسی و ئاژاوە لە نزیک ئەو سنوورانە دروست دەکات. بە هۆی ئەو ناسەقامگیرییەشەوە کە لە ئەنجامی ئەو ئاژاوانەوە دێتە کایەوە، وڵاتی کوردان دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ تەراتێنی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان، ئەمەش هەڵبەتە بە پێی ئەو بۆچوونە ڕاستەوخۆ دەبێتە هەڕەشە لە سەر ئاسایشی نیشتمانی دەوڵەتی سۆڤیەت. سەیر لەوەدایە ئەو هەموو پێگە سەربازی و هەواڵگرییەی لە سەر خاکی تورکیا و ئێران هەبوون و ئەرکی سەرەکییان چاودێری کردنی یەکێتی سۆڤیەت و جموجوڵەکانی بوو، بەلای دەوڵەتی سۆڤیەتەوە هەڕەشە و کێشە نەبوون، بەڵام بزووتنەوەیەکی کوردی کە ڕەنگبێ چەند سیخوڕێکی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت دزە بکەنە نێو ڕیزەکانیێوە کێشەی گەورەی بۆ ئەو دەوڵەتە مەزنە دروست دەکرد!!.**

# ڕووسیا و کورد: دوو سەدە لە پشتگوێخستن – بەشی چوارەم و کۆتایی

**دکتۆر جەبار قادر**

## سەردەمی پۆست – سۆڤیەتی یا ڕووسیای فیدیرالی:

**لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە دیسەمبەری ١٩٩١ ڕووسیا بۆ زیاتر لە دەیەیەکی تەواو لە قەیرانێکی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی دژواردا دەژیا. ڕۆژئاوا لە سەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی بایەخێکی ئەوتۆی بە دید و بۆچوونەکانی نەدەدا. سەردەم سەردەمی کۆتایی شەڕی سارد و دوو جەمسەری بوو، ڕۆژئاوا سەرکەوتنی یەکجارەکی سیستەمی نوێی ڕاگەیاندبوو. ڕووسیای فیدیرالی میراتگری قانونی یەکێتی سۆڤیەت بوو. شەڕەکانی چیچێنیا (چەچەنستان، شیشان)، گەشەکردنی مافیا و ڕێکخراوەکانی تاوانکاری، بەتاڵانبردنی موڵک و سامانی دەوڵەت، ململانێی ئەتنیکی ...تاد ڕووسیایان شەکەت کردبوو. لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستیش دوا پێگەکانی لە دەستدەدا، چەند ڕژێمێکی دیکتاتۆری بێزراو لە لایەنی گەلانی ناوچەکەوە نەبێت کەس خۆی بە دۆستی ڕووسیا دانەدەنا. کاریگەری ڕووسیا لە سەر ڕووداوەکانی دونیا و ڕۆژهەڵات بەڕادەیەک لاواز ببوو کە حسێبیکی ئەوتۆی بۆ نەدەکرا.**

**لەم سەردەمەدا ڕووسیای نوێ گرنگی تەنها بە پەیوەندییەکانی لە گەڵ ڕۆژئاوادا دەدا و ڕۆژهەڵاتی پشتگوێ خستبوو لە دوا خانەی بایەخدان و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە دانابوو. کوردیش لەو کاتەدا سەرنجی کەسی لە کرێملن ڕانەدەکێشا.**

**سیاسەتی نوێی ڕووسیا و سەرلەنوێ دارشتنەوە و ڕێکخستنەوەی ئەرکی لە پێشینەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لە سەری زۆر گران کەوتن. لە نەوەدەکان هاوسەنگی لەو سیاسەتەدا بەدی نەدەکرا. ئەمەش بووە هۆی لاوازبوون یا لە دەستدانی تەواوی پێگەکانی ڕووسیا لەو ناوچانەی پێشتر کاریگەری زۆری تیاندا هەبوو، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەتوانم بڵێم لەو ساڵانەدا هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ڕووسیا و کوردا بەدی نەدەکرا. دەوڵەتی ڕووسیای فیدیرالی وەک میراتگری یەکێتی سۆڤیەت باجی سیاسەتە سەقەتەکانی سۆڤیەتی لە بەرامبەر کورد ئەدایەوە. ناوبانگی ڕووسیا لە کوردستان بە هۆی بێدەنگی و تەنانەت پاکانەکردنی کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی سەدام حوسێن لە لایەن خەڵکەوە بێزراو بوو. هەموو ئەمە لە کاتێکدا بوو کە گۆڕەپانی**

سیاسی کوردستان بۆ نزیکەی نیو سەدە لە لایەن هێز و گروپگەلی چەپ و بە ناو مارکسییەوە قۆرخ کرابوو. بەشێک لەم گرووپانە لە ململانێی سەخت و خوێناویدا بوون لە سەر ئەوەی کامیان زیاتر لە یەکێتی سۆڤیەتەوە نزیکن و لە ناوەندی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی جیهانیدا دان بە ڕەوایەتیاندا نراوە.

وتەیەکی ڕووسی هەیە دەڵێت " جێگەی پیرۆز قەت بە بەتاڵی نامێنێتەوە"، ئەمێریکا، بریتانیا و فەرەنسا ئەم هەلەیان قۆزتەوە و سیاسەتێکی چالاکانەیان گرتەبەر و بە زوویی بۆشاییان پڕ کردەوە. لەمەشدا ملهوڕییەکانی سەدام حوسێن باشترین یارمەتیدەر بوو بۆ ئەم سیاسەتانەی ڕۆژئاوا.

ئا لەم کاتەدا کوردستان لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی پڕ لە ئێش و ئازاری خۆی تۆمار دەکرد. شکستی سوپای سەدام لە کوەیت، ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، ناوچەی ئارام، هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگترین سەردێڕەکانی ئەو مێژووە بوو. لە باکوری کوردستانیش پەرەسەندنی دۆزی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو هاتبووە کایەوە و پرۆسەی دانان بە ڕیالیتەی کوردیدا دەستیپێکردبوو. ئەم پرۆسەیە لە سەر خۆ دەچووە پێشێ، تووشی پاشەکشەو تەگەرە و کۆسپ زۆر بووەوە و لەم ڕۆژانەشدا لە دوای دوو ساڵ هێمنی دەورەیەکی دیکەی توند و تیژی و خوێنڕشتن دەستیپێکردەوە و کەس نازانێ کەی و چۆن کۆتایی پێ دەهێنرێت.

لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو ڕووسیای فیدیرالی، بە هۆی کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانێوە، هیچ ڕۆڵێکی پێنەدەگێڕرا لە یارمەتیدانی کورد، تەنانەت پەیوەندییەکانیشی لە گەڵ ڕژێمی سەدامدا بەکار نەهێنا بۆ کۆتایی هێنان بە گەمارۆی ئابوری ئەو ڕژێمە لە سەر کوردستان، با باسی هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری دۆزی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا لەولاوە بوەستێ، کە جار جار ڕووسەکان قسەیەکیان لە بارەیەوە دەکرد.

تێگەیشتنی دروست لە ئەزموون و ڕووداوەکانی مێژوو یارمەتی کەسانی زانا ئەدات لە تاریکترین ساتەکانی مێژوودا پێشبینی ڕووداوی وا بکەن کە زیاتر لە خەیاڵەوە نزیکن. ڕێک لەو کاتانەدا و بەر لە بیست دوو ساڵ کوردناسی ڕووسیا لازەرێف دوای باسکردنی بارودۆخی پڕ لە قەیرانی ڕووسیا لە سەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەوە، پێشبینی ئەوەی کردووە کە ڕووسیا جارێکی تر بە هێزەوە دەگەڕێتەوە سەر گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و لە بارودۆخێکی جیاوازدا ڕوو بە ڕووی دۆزی دەبێتەوە و ناچارە دوور لە ڕابردووە ئیمپراتۆرییە نەفرەتلێکراوەکەی هەڵس و کەوتی لە گەڵدا بکات. گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو ڕۆژانەدا فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەم لێکدانەوە دروستەی لازەرێف، کە بە بۆچوونی ئەو دۆزی کورد لە باری جیۆپۆلیتیکییەوە بۆ ڕووسیا گرنگە و دەبێت بایەخی زۆری بداتێ و " ئەگەر ئەم ڕۆژانەش نەبێ کە مۆسکۆ گیرۆدەی کێشە نێوخۆییەکانێتی و کاتی ئەوەی نیە خەریکی کورد و کێشەکانیان بێت، ئەوا بێ گومان لە داهاتوویەکی نزیکدا". ڕووسیا لەو کاتەدا کە لازەرێف ئەم قسانەی دەکرد بە سەختترین ڕۆژانی مێژووی هاوچەرخیدا تێدەپەڕی، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بە بۆچوونی ئەو نەدەبوو بێ لایەن بێت لەوەی لە کوردستان دەقەومێ و ڕوودەدا ( **<u>گۆڤاری ئاسیا و ئەفریقای ئەمڕۆ، ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٤. بە زمانی ڕووسی)</u>.**

گوتاری فەرمی ڕووسیا هەمیشە پاراستنی یەکێتی خاکی عیراق بووە، هەڵبەتە ئێستا سوریاشی هاتۆتە سەر. بۆ ئەوەی بە دروستی لەم گوتارەی ڕووسیا تێبگەین و بزانین چۆن هەڵس و کەوتی لە گەڵدا بکەین، پێویستە بزانین لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمە تەنها قسە و ڕاگەیاندراو نیە کە کاربەدەستانی ڕووسیا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوی دەکەنەوە، نەخێر ئەمە کۆڵەکەیەکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان. ئەو لە دژی دابەشکردنی وڵاتان و تێکدانی سنوورە نێودەڵەتییەکانە لە سەر بنەمای ئەتنیکی و ئاینی. ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بونیاد و پێکهاتەی خودی ڕووسیای فیدیرالییەوە هەیە.

ڕووسیا دەوڵەتێکی فیدیرالییە کە لە ٨٥ یەکەی فیدیرالی پێکهاتووە (کۆمار، هەرێمی فیدیرالی، ناوچەی ئۆتۆنۆمی، شاری فیدیرالی .....تاد). بە هێزی دەستور مافی جیابوونەوەی لەم یەکە فیدیرالییانە و گەلەکانی وەرگرتووەتەوە، واتا ئەو یەکانەی ڕووسیای فیدیرالی پێکدێنن مافی جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی دایک، ڕووسیا نیە. هەموو دونیا بینی چۆن ڕووسیا هەوڵی چیچانەکانی بۆ سەربەخۆیی سەرکوت کرد و لە شەڕی چیچێنیا چەندێ توند و تیژی بەکارهێنا. پانتایی چیچێنیا ١٥،٦٤٧ کم٢ و بە پێی ئامارەکانی ٢٠١٤ ژمارەی دانیشتوانی ١،٣٤٦،٤٣٨ کەسە، زمان و کولتور و ئاین و ...هتد، واتا چیچانەکان هەموو پێداویستییەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە. گەلێ کۆمار و هەرێمی

دیکەی ڕووسیاش ئەگەر بۆیان بلوێ هەوڵی سەربەخۆیی خۆیان ئەدەن. لە کاتێکدا ئەمە هەڵوێستی فەرمی دەوڵەتە و حکومەتی ڕووسیا لە نێوخۆی ڕووسیادا بەو شێوەیە لە گەڵ گەلانی ناڕووسدا هەڵس و کەوت ئەکات، بەڵام لە دژی نەیارەکانی لە دەور وبەری ڕووسیا هەندێ جار بە پێچەوانەی ئەم پرینسیپەوە کار دەکات. بۆ نموونە دان دەنێ بە سەربەخۆیی ئەبخازیادا لە گورجستان، کە لە ساڵی ٢٠١١ ژمارەی دانیشتوانی ئەو هەرێمە ٢٤٠،٧٠٥ کەس بوونە و تەنها ١١٢،١٠٠ واتا کەمتر لە ٥٠% دانیشتوانەکەی ئەبخاز بوونە. ئەمەی لە دژی میخائیل ساکاشڤیللی، سەرۆکی ئەو وڵاتە کرد، کە سیاسەتی نزیکبوونەوە لە ناتۆ و دوورکەوتنەوە لە ڕووسیای هەڵبژاردبوو. بە هەمان شێوە دان بە سەربەخۆیی ئۆسیتیای باشوردا دەنێت، ئەویش هەر دەکەوێتە گورجستانەوە، کە پانتاییەکەی تەنها ٣٩٠٠ کم٢ و ژمارەی دانیشوانی هەندێک لە پەنجا هەزا کەس زیاترە، لە کاتێکدا ئۆسیتیای باکور،کە پانتاییەکەی ٧٩٨٧ کم٢ و ژمارەی دانیشتوانی ٧٠٥٢٧٠ کەسە،واتا ١٣ جار ئەوەندەی دانیشتوانی ئۆسیتیای باشور، بەڵام دەبێ وەک کۆمارێکی ڕووسیای فیدیرالی بمێنێتەوە و مافی جیابوونەوەی نادرێتێ. بە هۆی تێکچونی پەیوەندییەکانیشی لە گەڵ ئۆکراینا، نیمچە دورگەی کریمیای (کریم، قرم) لە ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠١٤ جودا کردەوە، لە سەرەتاوە ئەو هەرێمە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و دوای ئەوەش یەکسەر بوو بە یەکێک لە کۆمارەکانی ڕووسیای فیدیرالی. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دان بەم لکاندنەی کریمدا نەنراوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەبێت بە واقیعێکی سیاسی و هەموو ناچار دەبن دانییپدا بنێن. لە مێژوودا نیمچە دورگەی کریم لە ساڵی ١٧٨٣ بوو بە بەشێک لە ڕووسیای تساری و دەوڵەتی عوسمانی دوای چەند ساڵێک ناچار کرا دان بەوەدا بنێت، کە کریم بەشێکە لە ئیمپراتۆرییای ڕووسیا. ئێستاش تورکیا یەکێ لە خاڵە ناکۆکەکانی لە گەڵ ڕووسیا باسکردنی کریمە، کە لە بنەمادا دانیشتوانە ڕەسەنەکەی تەتار بوون.

ڕووسیا ئەم کارانە لە دژی ئەو سیاسەتانە دەکات کە بە هەڕەشەیان دەزانێ لە سەر ئاسایشی نیشتمانی خۆی. بۆ ڕووسیا هەر نزیکبوونەوەیەکی ناتۆ لە سنوورەکانی هێڵی سوورە و هەر یەکێ لەو دەوڵەتانەی دەور و بەری، بە تایبەتی ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک بوونە لە ڕووسیای تساری و یەکێتی سۆڤیەت و ئەم بە ناوچەی هێژیمۆنی خۆی دایاندەنێت، کارێکی وا بکات، ئەوا بەو کارەی ڕووسیا تووڕە دەکات و دەبێت چاوەڕوانی کاردانەوەی توندی لێ بکات. ئەگەر ڕووسیا بۆی بلوێت زیان بە بەرژەوەندی ئەو ئەندامانەی پەیمانی وارشۆش دەگەیەنێت کە ڕێگە دەدەن بنکە و پێگەی ناتۆ لە وڵاتەکانیان جێگیر بکرێن. دەوڵەتان و گەلان ناچارن ئەم فاکتەرە جیۆپۆلیتیکیانە هەمیشە لە بەرچاو بگرن و هەر هەڵەیەک لە خراپ هەڵسەنگاندنیاندا دەتوانێت کێشەی گەورە دروست بکات.

لێرەوەیە ڕووسیا لە گەڵ ئەوەدا نیە جیابوونەوە و سەربەخۆیی گەلان و سەرلەنوێ دەستنیشان کردنی سنوورەکان لە سەر بنەمای ئەتنیکی ببێتە دیاردەیەکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە لە گەشەکردنی پرۆسەیەکی لەو جۆرەدا بە خۆیشی زەرەرمەند دەبێت. ڕووسیا زۆر لە دژی داغانکردنی کۆمارەکانی یۆگسلافیا بوو، بەڵام ئەو کاتە توانای ئەوەی نەبوو بەر بە ڕەوتی ڕووداوەکان بگرێت. تا ئێستاش دانی بە سەربەخۆیی کۆسۆڤادا نەناوە، هەرچەندە ١٠٨ دەوڵەتی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیان بە سەربەخۆیی ئەو وڵاتەدا ناوە. بە گوێرەی بۆچوونی ڕووسیا دەبێ ئەمە بە ڕێکەوتن بێت لە نێوان سربییەکان و گەلی ئەلبانی کۆسۆڤۆ، کە ئەمە بە هەموو پێوەرەکان کارێکی ئاسان نیە. پێش ماوەیەک کونسوڵی ڕووسیا لە هەولێریش شتێکی لەم جۆرەی لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە وتووە، ئەگەر گەلی عیراق لە گەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بێت، ئەو کاتە بۆ ئەوانیش کێشە نیە. ئەو عیراقەی تا ئێستا ئامادە نیە دان بە گەڕانەوەی مەخموردا بنێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، با باسی کەرکوک و خانەقین و شنگار ...تاد لەولاوە بوەستێت، کەی دەگاتە ئەو ئاستەی باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان هەبێت؟.

پێموایە نابێت کورد چاوەڕوانی ئەوە بکات ڕووسیا بە ئاسانی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات.

لەم سەردەمەدا کە ململانێیەکی توند لە نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوادا لە ئارادایە و زۆر دەڤەری ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی نزیک و کەفکازی گرتۆتەوە، ڕووسیا دەزانێت ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەم ئان و ساتەدا دابمەزرێت، ئەوا بە پێی لێکدانەوەی لۆژیکی دەبێ ببێتە پێگەیەکی ئەمێریکا و ڕۆژئاوا. ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی شیعەی عیراق، هەرچەندە ڕێکەوتننامەی ستراتیژییان لە گەڵ ئەمێریکا هەیە، لێ بە هۆی هەڵوێستی ڕووسیا لە سوریا و هەماهەنگی لە گەڵ ئێراندا، هەوڵی زۆر دەدەن لە گەڵ ڕووسیادا پەیوەندی بەهێزیان هەبێت و خەریکی هەماهەنگی

هەوالْگری و سەربازین لە گەڵیدا. چۆن ڕووسیا بەوە قایل دەکرێت، کە ئەویش لە سەربەخۆیی کوردستان سودمەند دەبێت و لە دەوڵەتی کوردی قازانجی زیاتر دەکات لەوەی لە پەیوەندییەکانی لە گەڵ عیراقدا دەستی دەکەوێت؟. ئەمە یەکێ لە پرسیارە گرنگەکانە کە من نازانم وەڵامەکەی لای کێیە.

خاڵێکی تری گرنگ لەم بوارەدا کە کاریگەری لە سەر هەڵوێستی ڕووسیا دەبێت بەرامبەر باشوری کوردستان، پەیوەندی هەرێمە لە گەڵ تورکیا. لە ماوەی سەدەیەکدا پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیا وەک ئەمڕۆ ئاڵۆز و قەیراناوی نەبوونە. ڕاستە مێژووی پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیا لەم چەند سەدەیەی دواییدا شەڕ و پێکدادانی زۆریان بەخۆیانەوە بینیوە، بەڵام وا بۆ سەدەیەک دەچێت قەت ئەم دوو دەوڵەتە بەم شێوەیە ڕوو بە ڕووی یەک نەبوونەتەوە. ڕووسیا وەکو وڵاتێکی بریندار هەڵس وکەوت ئەکات و دەیەوێت تۆڵەی بیست ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانی بکاتەوە و تورکیا بە ئەڵقە لاوازەکە دەزانێ کە دەتوانێ گێچەڵی زیاتری پێ بکات. ئەردۆگانیش بە سیاسەتە پاوانخوازەکانی لە ناوەڕاستی ئاسیا، کەفکاز و ڕۆژهەڵاتی نزیک هەلی زێڕینی بۆ پوتین ڕەخساندووە بۆ ئەوەی وەڵامی توندی بداتەوە و پلانەکانی مایەپوچ بکات. باسی پەیوەندی ڕووسیا و تورکیا بۆ هەلێکی تر هەڵدەگرین. ئەوەی مەبستە لێرەدا و نابێت گومانی لێ بکرێت، ئەوەیە کە پەیوەندی هەمەلایەنەی باشوری کوردستان لە گەڵ تورکیادا مایەی دڵخۆشی و پێشوازی ڕووسیا نابێت. ئەو دەزانێت لە بەر هۆی جوگرافی و بازرگانی و ...تاد، ئەو ناتوانێت شوێنی تورکیا بگرێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام ئەوەش باش دەزانێت کە پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا بە تایبەتی لە بواری گاز و نەوتدا ڕەنگبێ لە سەر حسێبی پەیوەندییەکانی ئەو و تورکیا بن.

لە میدیای ڕووسی و لە سەر زاری کاربەدەستانی ڕووسیا هەمیشە ئەوە وەبیر دەهێنرێتەوە، کە باشوری کوردستان بە پێی دەستوری هەمیشەیی عیراق هەرێمێکی فیدیرالی دانپێدانراوە. وەبیر هێنانەوەی ئەم چەمکە لە هەموو بۆنەکاندا بۆ ئەوەیە کە ڕووسیا لەم کاتەدا بۆ لەوە زیاتر ئامادە نیە بۆ باشوری کوردستان. هەر لەم دیدەشەوە دەبێ سەیری هەنگاوەکانی ڕووسیا بکەین لە باشوری کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا، وەک کردنەوەی کونسوڵخانەو هاتوچۆ و سەردانی بەرپرسانی ڕووسیا و کوردستان بۆ یەکدی.

بۆ کوردانی ڕۆژئاوا کە بوونەتە یەکێ لە فاکتەرە گرنگەکانی سەر گۆڕەپانی سوریا، ڕووسیا ناچارە لە بەر چاویان بگرێت و زوو زوو باسیان لێوە بکات. لە چوارچێوەی ئەو چارەسەرییەدا کە ڕووسیا بۆ بارودۆخی سوریا پێشنیاری دەکات، کۆکردنەوەی کورد و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە گەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەدا یەکێ لە سیناریۆ سەرەکییەکانە. ڕەنگبێ لە پێناو سەرکەوتنی هەوڵەکانیدا لە سوریا پشتگیری لە سیستەمێکی ئۆتۆنۆمی کارگێری و کولتوری بۆ کوردی سوریا بکات. کوردانی ڕۆژئاوا بۆ خۆشیان تا ئێستا لەوە زیاتریان داوانەکردووە. ئەوان باس لە سیستەمێکی دیموکراتی نامەرکەزی بۆ سوریا دەکەن، کە کوردیش لە چوارچێوەیدا بگات بە بەشێک لە مافەکانی خۆی. ململانێی نیوان ڕووسیا و ئەمێریکا لە بارەی کوردانی ڕۆژئاواوە بەدی دەکرێت. ئایە لە کۆتاییدا ئەم دوو دەوڵەتە لە بارەی سوریاوە دەگەن بە ڕێکەوتن یا لە ململانێدا بەردوام دەبن و لێکەوتەکانی ئەم ململانێیە بۆ کوردەکان چی دەبن؟. باوەڕ ناکەم کەس بتوانێت لە باری ئەمڕۆدا بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

پیموانیە ڕووسیا لە دوای ئەم تێوەگلانە بەهێزە و ئەو ڕوو بە ڕووبوونەوە توندە لە گەڵ تورکیا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا و ناوچەکەدا، بەوە کەمتر قایل بێت کە خاوەن بڕیاری سەرەکی بێت لە دیاریکردنی چارەنووسی سوریادا. باڵادەستیی ڕووسیا لە سوریا جارێکی دیکە دەیکاتەوە بە دراوسێی کوردستان دوای ئەوەی سنوورەکانی کەفکازی لە گەڵ کوردستان لە دەسپێکی نەوەتەکان لە دەستدا، لێرەشەوە هەڵویستی ڕووسیا کاریگەری زۆری لە سەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە کوردستانیشەوە دەبێت.

خۆ ئەگەر خوا کردی و عیراق و سوریا هەڵوەشانەوە و وەکو دەوڵەت لە بەین چوون، کە ئەگەری واش لە ئارادایە، ئەوا ئەو کاتە هەموو پرسەکان بە جۆرێکی دیکە بڕیاریان لە سەر دەدرێت.

لە بارەی کوردی باکورەوە پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێکی سەرەکی بکەین. ڕووسیا هەمیشە خۆی لە دەستێوەردان لە کاروباری تورکیا بەدوور گرتووە. بە درێژایی سەدەی بیستەمین هەڵوێستێکی ئەوتۆشی لە باری کوردی ئەو وڵاتەوە نەنواندووە. لە نەوەدەکان هەندێ چاوپۆشی لە چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە نێو کوردانی ڕووسیا و

کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا دەکرد. نوێنەرانی ئەم پارتە لەو وڵاتە جێگیر ببوون و هەندێ کۆمەڵە و ڕێکخراویان دروست کردبوو، لە گەڵ ئەندامانی پاڕلەمانی ڕووسیا، کە لە دوو ژوور پێکدێت: ئەنجومەنی فیدیرالی و دومای دەوڵەت و ناوندە کولتوری و میدیاییەکاندا تێکەڵییان پەیدا کردبوو. لە نێو دومای دەوڵەت کە لە گەڵ هەندێ لە سەرکردەکانی پارتەکەی ژرینۆڤسکی (پارتی لیبیراڵی دیموکراتی ڕووسیا) هاتوچۆیان پەیداکردبوو. دوای ئەوەی سوریا ناچار کرا سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵا ئۆجەلان دەربکات و یۆنانیش نەیگرتە خۆی، پەنای بردە بەر ڕووسیا. بە هەوڵی میترەفانەف، سەرۆکی کۆمسیۆنی جیۆپۆلیتیکی و سەرکردە لە پارتەکەی ژرینۆڤسکی، دومای دەوڵەت نامەیەکی بۆ سەرۆکی ڕووسیا یەلتسن نارد و داوای لێکرد مافی پەنابەرێتی بداتە ئۆجەلان. یەلتسن بە ئامۆژگاری سەرۆکی وەزیران، کە ئەو کاتە پریماکەف بوو، ئەو داخوازییەی ڕەتکردەوەو و داوایان لە ئۆجەلان کرد خاکی ڕووسیا بەجێبهێڵێت. پلانێکی تری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و نوێنەری ئەو دەمەی ئەو پارتە لە ڕووسیا ماهیر وڵات بۆ دەربازکردنی ئۆجەلان لە ڕێگەی ئەرمینیاوە بۆ ئێران و ئەگەر کرا لەوێشەوە بۆ کوردستان لە لایەن ڕووسیاوە ڕەتکرایەوە و شکستی پێهێنرا. شتێک کە ڕووسیا نەیکرد ئەوە بوو ڕادەستی تورکیای نەکرد و لە ژێر فشاری تورکیا و ڕۆژئاوادا پارتی کرێکارانی کوردستانی بە ڕێکخراوی تیرۆریستی لەقەلەم نەدا.

ئێستا دەبینین لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە بەردەم کامیرای تەلەفزیۆنەکاندا لاڤرەف پێشوازی لە سەلاحەدین دەمیرتاش دەکات و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە باسی بارودۆخی کوردانی باکوری کوردستان دەکات. چەند ڕۆژێک بە سەر ئەو دیدارەدا تێنەپەڕی هەمان وەزارەت لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیدا داوای لە تورکیا کرد لە ڕێگەی دیالۆگەوە دۆزی کورد چارەسەر بکات و ڕێگە بە توند و تیژی زیاتر نەدات، کە بەلای ڕووسیاوە هیچ ئەنجامێکی نابێت. لە نێوخۆی ڕووسیاشدا کەسانی وەکو ژرینۆڤسکی داوای پشتگیری لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن. کەس ئەم داخوازییەی کەسێکی ڕەگەزپەرستی وەکو ژرینۆڤسکی بەجدی وەرناگرێت، بەڵکو بە کاردانەوەیەکی کاتیی لە بەرامبەر سیاسەتی تورکیا و تێکشکاندنی فڕۆکە سەربازییەکەی ڕووسیای دادەنێت، بۆیە ئەم جۆرە هەڵوێستانە هیچیان لە سەر بنیات نانرێت. ڕۆژانی دواتریش لە دوای ئەوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئەردۆگان لە دژی کوردانی باکور هەموو سنوورەکانی تێپەڕاند، کاربەدەستانی ڕووسیا و دەزگاکانی میدیای ئەو وڵاتەش ڕەخنەی توندیان لە سیاسەتەکانی ئەردۆگان گرت و داوایان لێکرد دەست لەو سیاسەتانە هەڵبگرێت.

تا ئێستا کاردانەوەکانی ڕووسیا لە مەڕ ڕووداوەکانی باکوری کوردستان لەم چوارچێوەیەدا ماونەتەوە و نەگەیشتوونەتە ئاستی دەستێوەردان و هەوڵی بەکارهێنانی کارتی کورد وەک فشارێک لە دژی تورکیا. چاودێران باوەڕ ناکەن ڕووسیا لەوە دوورتر بڕوات. هۆیەکانی ئەم هەڵوێستەش بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە ڕووسیا باوەڕی بەوە هەیە کە زوو یا درەنگ پەیوەندییەکانی لە گەڵ تورکیادا ئاسایی دەبنەوە. گوتاری فەرمی کاربەدەستانی ڕووسیا لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە دەبێت تورکیا داوای لێبوردنیان لێبکات. هەندێ جاریش کێشەکە تەنها لە ئەردۆگان و سیاسەتەکانیدا دەبینن. واتا ئەگەر ئەردۆگان گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیدا بکات، ئەوا دەکرێت پەیوەندییەکان ئاسایی ببنەوە. شارەزایانی ڕووس باس لەوەش دەکەن کە ئاڵۆزی نێوان تورکیا و ڕووسیا زیان بە هەردوولا دەگەیەنێت. مەترسی گەیاندنی ناکۆکییەکان بە لێواری شەڕ لە نێوان هەردوولادا بەکارەسات دەزانن. سەرباری هەموو ئەمانە نە ڕووسیا و نە تورکیا لە بارێکدان بەرگەی زیانە ئابورییەکانی ئەم ئاڵۆزییە بۆ ماوەیەکی زۆر بگرن، چ جای شەڕێکی ماڵوێرانکەر کە تەڕ و وشک بسوتێنێت. هەردوولا ئەوەش باش دەزانن کە بەکارهێنانی کارتی گەلانی ناتورک و ناڕووس لە دژی یەک هەردووکیان شەکەت دەکات و کێشە و سەرئێشەی زۆریان بۆ پەیدا دەکات.

پێموایە ئەم ڕۆژانە دەسپێکی ئەو سەردەمەیە کە لازەرێف پێش بیست و دوو ساڵ پێشبینی کرد. ڕووسیا بە توندی هاتۆتەوە سەر گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک بە کوردستانیشەوە. کوردیش لە گەڵ هەموو کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانیدا بووەتە فاکتەر و ئەکتەرێکی سیاسی گرنگ کە ئەستەمە وەکو جاران پشتگوێ بخرێت و گوێی لێ نەگیرێت.

لەم ڕۆژانە لە ڕووسیا باس لە فاکتەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت و داواش لە کاربەدەستانی وڵات دەکرێت هەوڵبدەن کەڵک لەو فاکتەرە وەربگرن. داخوازی جدی لە ئارادایە کە ڕووسیا واز لە سیاسەتی پشتگوێخستنی دوو سەد ساڵەی بەرامبەر بە کورد بێنێت و ڕێگە نەدات لەوە زیاتر کارەساتیان بەسەردا بێت.
دەبێ فاکتەرێکی تریش لە پەیوەندی لە گەڵ ڕووسیادا لە بەر چاو بگیرێت ئەویش ئەوەیە کە کولتوری دیموکراسی لە ڕووسیا مێژوویەکی هەژاری هەیە. ئەم وڵاتە پان و بەرینە بە درێژایی مێژووی نوێ و هاوچەرخی لە سێبەری ستەمی تسارەکان، دەسەڵاتی ڕەهای سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیست و دەسەڵاتخوازیی ئێستای پوتیندا ژیانی بەسەر بردووە و بەسەر دەبات. میکانیزمی بڕیاردان لە سەر پرس و کێشەکان جیاوازی زۆری هەیە لە گەڵ وڵاتانی دیموکراسیدا. بڕیارەکان لە ڕووسیا تا ئەندازەیەکی زۆر زادەی خواستەکانی سەرۆک و گرووپێکی بچوکی دەور وبەرین، دوا بڕیاریش هەمیشە لە لای ڤلادیمێر پوتینە.
ئێستا ڕووسیا دەیەوێت ڕۆڵێکی بەهێز لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتدا ببینێت. کوردیش وەک فاکتەرێکی سیاسی، سەربازی و ئابوری گرنگی ناوچەکە دەتوانێت سەرنجی ڕووسیا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. هەڵبەتە ئەمە تا ئاستێکی زۆر لە سەر یەک هەڵوێستی کورد بەرامبەر دەرەوەی خۆی ڕادەوەستێ. ئەو کاتە ڕووسیا ناچارە ئەم فاکتەرە لەبەر چاو بگرێت و هەڵس و کەوتی لە گەڵدا بکات. پێموایە تا ئێستاش ناتوانین باس لە سیاسەتێکی ڕووسی تایبەت بە کورد بکەین.
ئایە ئەم ڕۆژانە دەبن بەو چرکە ساتەی کە تێیدا ڕووسیا دەست لە سیاسەتی لانەکردنەوە لە کورد هەڵدەگرێت و دەمێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئەم گەلەدا دەسپێدەکات؟. نایشارمەوە بارودۆخی ڕووسیا و کورد گومانی زۆر لە لای مرۆڤ دروست دەکەن لە ڕەوتێکی لەم جۆرەی ڕووداوەکان.

هەندێ لەو سەرچاوە ڕووسییانەی لە کاتی نووسینی ئەم وتارە چوار ئەڵقەییەدا جارێکی تر سەیرم کردنەوە، هەڵبەتە سەرباری سەردانی کۆمەڵێ سایتی فەرمی و میدیایی ڕووسی بۆ دڵنیابوون لە دروستی هەندێ ڕووداو و ناوی کەسایەتییەکان و بڵاوکراوەکان، لە بەر هۆی تەکنیکی نەکرا لە ڕۆژنامەی ئاوێنە و سایتەکان لە گەڵ وتارەکەدا بڵاو بکرێنەوە.هەندێ لە خوێنەران لە بەر هۆی جیاواز داخوازی ئەوەیان کرد کە لە کۆتایی وتارەکەدا ئاماژە بە سەرچاوەکان بکەم. هەڵبەتە ئەمە ئەگەر لە شێوازی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا بووایە دەبوایە لە شوێنی خۆیاندا ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت، بەڵام بۆ وتاری ڕۆژنامەوانی ئەمە کارێکی زۆر گونجاو نیە :


1. Ж С. Мусаэлян, Библиография по Курдоведению, часть I- II, Санкт-Петербург,1996.
ژ. س. موسائیلیان، بیبلیۆگرافیای کوردناسی. دوو بەرگ، سانکت - پیتەربورگ 1996.
2. курдское движение в новое и новейшее время, М. А. Гасратян, М. С. Лазарев, Ш.Х.Мгоян,Москва1987.
بزووتنەوەی کوردی لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا، لە لایەن م. ئە. هەسراتیان، م. س. لازەرێف و ش. خ. محۆیی و جەلیلێ جەلیل و ئۆ. ئی. ژیگالینا ئامادە کراوە، مۆسکۆ 1987.
3.Ш. Х. Мгои, Курдский Национальный Вопрос В Ираке В Новейшее Время, мосва1991.
ش. خ. محۆیی، دۆزی نەتەوەیی کورد لە عیراق لە سەردەمی هاوچەرخدا، مۆسکۆ 1991.
4. М. А. Гасратян, Курды Турции в новейшее Время, Ереван 1990.
م. ئە. گەسراتیان، کوردی تورکیا لە سەردەمی هاوچەرخدا، یەریڤان 1990.
5. М.С. Лазарев, Империализм и Курдский Вопрос ( 1917 - 1923), Москва 1989.
م. س. لازەرێف، ئیمپریالیزم و دۆزی کورد ( 1917 - 1923)، مۆسکۆ 1989 .

6. В. Минорский, Курды: Заметки и Впечатления, Петербург 1915.
ڤ. ف. مینۆرسکی، کورد: تێبینی و یادگاری، پیتەربورگ 1915، خوالێخۆشبوو دکتۆر مارف خەزنەدار لە ساڵی 1968 کردی بەعەرەبی: مینورسكي، الاكراد: ملاحظات و انطباعات، بغداد 1968 و جارێکی تر لە بەیروت لە 1987 چاپکراوەتەوە .

7. Курд Оглу, Курды и Империализм, БПСВ, 1932, no 13/14.
کورد ئۆغلو، کورد و ئیمپریالیزم، بلوتەنی ڕۆژنامەوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە 13/ 14، 1932 .

8. Аверьянов, П.И, Курды в Войнах России с Персией и Турцией в Течение XIX Столетия,Тифлис1900.
پ. ئی. ئەڤریانەف، کورد لە شەڕەکانی ڕووسیا لە دژی ئێران و تورکیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا، تیفلیس " تبیلیسی" .1900 . .

9. Лазарев, М. С, Новая Россия и Старый Курдский Вопрос, Азия и Африка Севодня,но.1,Москва1994.
م. س. لازەرێف، ڕووسیای نوێ و دۆزی کۆنی کورد، گۆڤاری " ئاسیا و ئەفریقای ئەمڕۆ" ژمارە 1، مۆسکۆ 1994 .

10. Жигалина,О. И, Национальное Движение Курдов в Иране ( 1918 - 1947), Москва1988.
ئۆ. ئی. ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران( 1918 - 1947)، مۆسکۆ 1988.

11. Джалиле Джалил, Курды Османской Империи в Первой Половине XIX Века,Москва1973.
جەلیلێ جەلیل، کوردی ئیمپراتۆری عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، مۆسکۆ 1973. خوالێخۆشبوو دکتۆر کاوس قەفتان کاتی خۆی کردی بە کوردی .

12. Аширян, Ш. Ч, Курдская Проблема в Ираке 70 - 80.е Годы, Москва 1989.
ش. چ. ئەشیریان، کێشەی کورد لە عیراق لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان، مۆسکۆ 1989. لە بەیروت کراوە بە عەرەبی و لە لایەن ڕابیتەی کاوەوە بلاوکراوەتەوە.

13. История Курдистана, Лазарев, М. С и Мгои, Ш. Х. Москва 1999.
مێژووی کوردستان، لە لایەن لازەرێف، محۆیی، هەسراتیان، ڤاسیلێیەڤا ، ژیگالینا ئامادە کراوە، مۆسکۆ 1989، دەزگای ئاڤێستا لە ئەستەموڵ بە تورکی لە ساڵی 2001 بڵاوی کردۆتەوە .

14. М. А. Камаль, Национально- Освободительное Движение в Иракском Курдистане,Баку1967.
کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عیراق ( 1918 - 1932)، باکو 1967. تێزی دکتۆر ناووکەکەشی هەر لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە باشوری کوردستان بوو و ساڵانی 1918 - 1958 دەگرتەوە لە سێ بەرگدا بوو و لە ساڵی 1969 بەرگری لێکرد .

15. Н,А.Халфин, БаръБа За Курдистан, москва 1963.
ن. ئە. خالڤین، ململانێ لە سەر کوردستان، دۆزی کورد لە پەیوەندییە نێودەولەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، مۆسکۆ 1963. ئەم کتێبە لە لایەن خوالێخۆشبووان جەلال تەقی و دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر کراوە بە کوردی و عەرەبی لە ژێر نێوی "خەبات لە ڕێگەی کوردستان" و الصراع على كوردستان. هەڵبەتە خەباتەکە یا ململانێکە بۆ دەستگرتن بەسەر کوردستاندا بووە، بۆیە وشە عەرەبییەکە دروستترە، بەڵام ئەمە هیچ لە گرنگیی کارەکەی جەلال تەقی کەم ناکاتەوە، کە ئەو دەمە واتای دەقاو دەقی وشە و دەستەواژەکان کارێکی ئاسان نەبوو و ئێستاش لەم بارەیەوە کێشەمان زۆرە.


هەندێکی دیکە لەم کتێبانە لە ساڵانی ڕابردوو کراون بە عەرەبی، کوردی، فارسی و تورکی. هەندێ جار دەستکاری ناونیشانەکان کراوە، کە ئەمە کارێکی دروست نیە.